# هۆکارەکانی دیالێکتە کوردیەکان و نەبونی ستاندارد

## توێژینەوەیەکی دیالێکتۆلۆجیە

**پڕفیسۆر دکتۆر**


**عـەبدوللا حوسـێن ڕسـول**

**ئەم توێژینەوەیە لە کۆنفرانسی زانکۆی ڕوینی فەڕەنسیی**

**لە ساڵی ٤ ـ ٦ / ٦ / ٢٠١٤ پێشکەشکراوە.**

**بەرواری نوسین: ١٤ / ٤ / ٢٠١٤**

**ئەم توێژینەوەیە دواتر ساڵی ٢٠١٥ لە کتێبی (چەند باسێکی وردی زمانەوانی ـ کوردی) لە لاپەڕە (٣٧٣) تاکو لاپەڕە (٤٣٠) بڵاوکراوەتەوە.**



# ( هۆکارەکانی دیالێکتە کوردیەکان و نەبونی ستاندارد )

## کورتەیەك:


زمان و هۆش، دو فاکتەری سەرەکین، کە مرۆڤیان بالادەست کردوە و لە گیانەوەرانی تر جیابوەتەوە. زمان و هۆش دو هاوکاری لەیەك دانەبڕاون بۆ بەردەوام پێشکەوتنی ڕادەی شارستانی ( کلتور ـ Culture ). پێشکەوتنی ڕادەی کلتور، بوەتە فاکتەرێك بۆ گۆڕانی بەردەوامی زمان. ڕێژەی جیاوازیی ژینگە و گۆڕان لە ئاستی کلتوری، بوەتە هۆیەکی سەرەکیی دروستبونی دیالێکتەکان و زمانەکان.

ئەم باسە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی هۆکارەکانی پەیدابونی دیالێکتە کوردیەکان و یەکنەگرتنەوەیان، یاخود دروستنەبونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتو ( ستاندارد ).

بۆ ئەم مەبەستە، بابەتەکە دابەشکراوە بۆ سەر دو بەش:

لە بەشی یەکەمدا : باسی هۆکارە دەرەکی و ناوەکیەکانی پەیدابونی دیالێکتە کوردیەکان کراوە.

لە بەشی دوەمدا : هۆکارەکانی دروستنەبونی زمانێکی ستانداردی کوردی خراوەتە ڕو.

لە کۆتاییدا، جگە لە ئەنجام و پێشنیارەکان، پوختەیەکی بابەتەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەش کراوە.


## پێشەکی:

هەر زمانێك مێژوی تایبەتیی خۆی هەیە. لێکۆڵینەوە لە وردەکاریەکان و ڕاستیە زانستیەکانی ئەو مێژوە، زمانەکە ڕزگار دەکا لە بۆچون و خەملاندنە تایبەتیەکان و تەمی میتافیزیکیی لەسەر لادەدا و پێگەی ئەو زمانە لە نەخشەی مێژویی شارستانیەتی مرۆڤایەتیی دەدۆزێتەوە.[1] ناتواندرێ بە تەنیا و بە شێوەیەکی سەربەخۆ، دور لە زانست و زانیاریەکانی تر لە مێژو بکۆڵرێتەوە، واتە هەندێ زانست و زانیاری دی هەن یارمەتیی لێکۆڵینەوی مێژو دەدەن وەك، زمانەوانی و فیلۆلۆژیا[2] هەروەها ( لە مەیدانی توێژینەوەکانی زمانەوانی نوێدا ئاشکرا دەرکەوتوە، کە شارەزابونی مێژوی زمان بە یەکێك لە گرنگترین لقەکانی لێکۆڵینەوە زمانیەکان دادەنرێ، ئەگەر لە هەمویان بایەخدارتر نەبێ، زمانەوانەکان وەك بنچینەیەك سەیری دەکەن بۆ دۆزینەوەی لایەنی جۆراو جۆر لە لێکۆڵینەوە زمانیەکانی تردا )[3]. ئاشکرایە زمانەکان بە پێی کات دەگۆڕێن[4]. لە ڕوانگەی ئەوەی ( بۆ هەر کۆمەڵگا یەکی مرۆڤایەتی، زمان گرنگترین ڕوخسارە لە ڕوخسارەکانی سەربەخۆیی کە سیتی نەتەوەیی )[5]، لەم توێژینەوە یەدا هەوڵدەدرێ لە ڕوی زمانەوانی مێژوییەوە Historical Linguistics چۆنیەتی گۆڕان و دابەشبونی بۆ دیالێکتەکان بخرێتە ڕو، هەروەها هۆکارەکانی دروستنەبونی زمانێکی ستانداردی کوردی لە مێژوی هاوچەرخدا تاوتوێ بکرێ.

---

(1) حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص١٨.

(2) د. جمال رشيد أحمد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٥٩.

(3) حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص ١٧.

(4) JOHN LYONS، Language and Linguistics ، New York ، ١٩٨٥، ١٧٩ P .

(5) الدكتور حسين نصار، دراسات لغوية، قاهرة، ١٩٨١، ص ١٣.

هەڵبەتە ( پێشکەوتنی زمان بە شێوەییەکی یەکجار توند و تۆڵ بە مێژوی کۆمەڵەوە بەندە، بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەوەی تێیدا زمان بەکاردێنرێ و هەروەها بەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەوەی زمان بە جێیاندێنێ. ف. پ. فیلین نوسیوێتی، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان تەنیا بریتی نین لە پێکهاتنی نیسبی دەرەکی و پێوەندیی سیستەمی و رێك و ڕەوانیی پێشکەوتنی. پێویستە ئەوە بزانین، کە زمان وەك پێکهاتن شتێکە و بەکارهێنانی لە کۆمەڵدا بە تەواوی شتێکی دییە، )[1].

بۆ پێکانی ئەم ئامانجە، بابەتەکە کراوەتە دو بەش و لە بەشی یەکەمدا، هۆکارە دەرەکی و ناوەکییەکانی دابەشبونی زمانی کوردی باس دەکرێ[2] و لە بەشی دوەمدا، هۆیەکانی هۆیەکانی دروستنەبونی زمانێکی ستاندارد دەخەینەرو.

## بەشی یەکەم

## هۆکارەکانی دابەشبونی زمانی کوردی

### بەندی یەکەم ـــ گۆڕانی زمان:

ئاشکرایە، هەر زمانێك لە هەر کاتێکدا بێ لە دۆخی گۆڕاندایە[3]، گۆڕانی لەسەرەخۆی زمان یەکسەر هەستی پێ ناکرێ، ئەو کاتەهەستی پێ دەکرێ، کە بەراورد بکرێ لە نێوان ئاخاوتنی دو نەوە یان زیاتر، واتە، بە لای کەمەوە دوای چارەکە سەدەیەك هەست بە هەندێ جیاوازیی یان گۆڕانی دەربڕینەکان دەکرێ. زمانەکان وەك بونەوەری زیندو وەردەگرن و دەدەنەوە و پەیدا دەبن و دەژیێن و گەشە دەکەن و پێش دەکەون و فراوان دەبن و دەمرن[4]. یۆنانییەکان گۆڕانی زمانیان بە دیاردەیەکی خراپ و شێوێنەری زمان دادەنا، ئەوان لەو باوەڕەدابون، هەرکەسێ هاوشێوەی مرۆڤە ناودارەکانیان بدوێ، ئەوا بە زمان پاراو دەژمێررێ و بە پێچەوانەوە ئەوەی وەکو ئەوان نەدوێ ئەوا بە نەزان و ڕەمەکی دەژمێررێ[5]. ئەوەی دەرکەوتوە، زمان و بیر هاوبەندی یەکن، بۆیە ناتوانرێ زمانی گەلێکی دیارکراو لە بیرکردنەوەی جیا بکرێتەوە. ( هەمبۆڵت )یش بیرۆکەی ( هیردەر )ی دەربارەی هاوشانی پەرەسەندنی بیر و زمانی بەرەو مەودایەکی دورتر برد، لای ئەو - زمانی خەڵك گیانی خەڵکە و گیانی خەڵکیش زمانی خەڵکە. هەر زمانێك بەرهەمی ڕابوردویەتی )[6] و بیری مرۆڤیش وابەستەی ڕادەی شارستانیەکەیەتی، کەواتە هەر سێکیان ( مرۆڤ، بیر و زمان ) پابەندی یەکترن و بە تێپەڕبونی کات گۆڕانیان بە سەردا دێ و هاوشان بەرەو پێشەوە دەچن و پەرەدەسێنن، ( ئاستی هەر زمانێك و ڕادەی پەرەسەندنی پەیوەندییێکی پتەویان لە گەڵ ئاستی ڕۆشنبیری و پەرەسەندنی هەیە )[7]، چونکە

---

( ١ ) ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی، سەرەتایێکی زمانناسی، وەرگێڕانی میدیا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٧٦.

٢ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مێژوی شێوەزاری گەرمیان. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەربەندا ( ٥ ). هژمارا ( ١ ). ئەلول ٢٠٠٢. ل ١-٢٨.

( ٣ ) دكتر برويز ناتل خانلري، تاريخ زبان فارسي، جلد أول، انتشارات بنياد فرهنك ايران، ١٣٤٩ايراني، ص١٠٢.

( ٤ ) الدكتور رشيد العبيدي، أبحاث و نصوص في فقه اللغة العربية، بغداد، ١٩٨٨، ص ٢٩٠.

( ٥ )دكتر برويز ناتل خانلري، تأريخ زبان فارسي، جلد أول، انتشارات بنياد فرهنك ايران، ١٣٤٩ايراني، ص٩٧.

( ٦ ) ر.هـ.روبنز،موجز تاريخ علم اللغة ( في الغرب )،ترجمة د.أحمد عوض، مجلة عالم المعرفة،عدد ٢٢٧،كويت،١٩٩٧،ص٢٨٦.

( ٧ ) الدكتور حسين نصار، دراسات لغوية، قاهرة، ١٩٨١، ص١١.

( فەرهەنگی زمانی هەر نەتەوەیەك خەزینەیەکی سەیرە کە پڕە لە کۆکترین بیر و بۆ چونەکانی ئەو گەلە و لە خستنەڕو و دەربڕینی ژیانی خۆی )[1].

کوردیش وەکو نەتەوەیەك و زمانی کوردی وەك هەر زمانێك لە دیاردەی گۆڕان بەدەر نەبوە ( لە مێژوی کورددا وەکو مێژوی هەر میللەتێك ئەم دیاردانە روی داوە و بەهەمان پلانەشدا تێ پەریون و زمانی کوردیش بە پێ ی ئەو دیاردانە هەمیشە لە گۆڕین دا بوە )[2] و ڕێژەی ئەم گۆڕانکاریانەش لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان جیاوازی یان هەیە، بە پێی بڕ و ڕادەی کارتێکردنی فاکتەرەکانی گۆڕان. هۆی سەرەکیی جیاوازیی ناوچەکانیش لە بڕ و ڕادەی کارتێکردنی ئەو فاکتەرانە دایە، کە وابەستەی جیاوازیی تۆبۆگرافیا و جوگرافیای ناوچەکانە. چونکە ( گۆڕین یاسایێکی ئەزەلیی ئەم سروشتەیە، باری ئێستەی هەر شتێ جیا یە لە لە هی هەر سەردەمێکی تری، بیئەدورێکی بالا ئەگێڕێت لە ئاراستەکردنی شێوەی گۆڕین. Environment واتا گەر هەمان سیستەم خرایە دو بیئەی جیاواز، پاش ماوەیێك شێوەی جیاواز ئەگرنە خۆ و ئەبێ بە دو سیستەمی جیاواز. زمانیش وەك دیاردەیێکی سروشتی لەم یاسا گشتی یە بەدەر نی یە ئەگۆڕێ بە تێپەڕینی کات، باری جوغرافی و ئابوری و کۆمەلایەتی و کەلچەری و پەیوەندی لە گەڵ زمانانی تر دەور ئەگێڕن لە چۆنیەتی شێوەگرتنی ئەم گۆڕینە )[3]. ئەم گۆڕانەشە دەبێتە هۆی دروستبونی شێوەزارەکان لە هەر زمانێکدا و شێوەزارەکانیش دەکا بە زار و زارەکانیش دەکاتە زمانی تری سەربەخۆ.

هەر گۆڕانی زمانە بوەتە هۆی پەیدابونی ئەم زار و شێوەزارانەی خوارەوە لە زمانی کوردیدا :

| ژ | زارەکانی زمانی کوردی | شێوەزاری زارەکان |
|---|---|---|
| ١- | کوردیی باکور | بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، ڕۆژئاوایی |
| ٢- | کوردیی ناوەڕاست | موکریانی، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی |
| ٣- | کوردیی باشور | لوڕی، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهلۆ، لەك، کەلهوڕ |
| ٤- | کوردیی ڕۆژهەلات | گۆرانی، هەورامانی، باجەلانی، زازا |

شایانی باسە کە ناتوانرێ سنورێکی دابڕ ( حد قطعي ) لە نێوان شێوەزارەکان یا زارەکان دابنرێ، چونکە گۆڕانەکان وردە وردەن و لە نێوان ئاواییە هاوسێکان کەمتر هەست پێ دەکرێ، ئەگەر بەراورد بکرێ لە گەڵ ئاواییە دور و دورترەکان، وەك لە نەخشەی ژمارە ( ٢ )[4] دەرەکەوێ.

## بەندی دوەم ـــ قۆناغ و مەرجەکانی گۆڕانی زمانی کوردی :

لە هەر زمانێکدا، ڕادەی تێکەڵبونی هەر ئاواییەك لە گەڵ ئاواییەکی تر هاوکێشەیەکی ڕاستەوانە ( عملية طردية ) لە گەڵ ڕادەی ئالوگۆڕبونی کەرەسەکانی زمان پەیدا دەکا، بە تایبەتی وشە و دەنگ، ئینجا ڕستە. واتە، تاکو ڕادەی تێکەڵبونی دو ئاوایی زۆرتر بێ، ڕادەی جیاوازی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، تاکو

( ١ ) الدکتور عبدالکریم الأشتر، النثر المهجري، معهد الدراسات العربیة العالیة، ١٩٦١، ص١٩٢.

( ٢ ) د. جمال رشید أحمد، لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٣٨.

( ٣ ) دکتۆر وریا عمر امین، خزمایەتی لە زمانا...، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٩٤ی تەمموزی ١٩٨٢، ل٢٧.

( ٤ )فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤١.

ڕادەی تێکەڵیی نێوان زار و شێوەزارەکانی هەر زمانێك زۆرتر بێ، ڕادەی گۆڕانیان کەمتر دەبێ، چونکە زۆرتر لە یەك نزیك دەبنەوە و کەمتر لە یەك دور دەکەونەوە و پتر یەکگرتویی ئەو زمانە پەیدادەبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە، تاکو ڕادەی تێکەڵی لە نێوان زمانێك و زمانێکی تری بێگانە (بە تایبەتی ئەگەر ئەو دو زمانە لە ڕوی خزمایەتی لە دو گروپی جیاواز بن)، ئەوا ڕادەی گۆڕانیان زۆرتر دەبێ، چونکە بە پێی هەمان هاوکێشەی سەرەوە زۆرتر لە یەکتر نزیك دەبنەوە. واتە، پتر کەرەسەکانیان ئاڵوگۆڕ دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵاوبونی هەردو زمانەکە و کەمبونەوەی ڕادەی پاراوییان. لە بەر ئەمەشە ئەو ئاوایيانەی دەکەونە سنوری نێوان دو زمان (بە مەرجێ هیچ بەربەستێ لە نێوانیان نەبێ)، ڕادەی پاراوییان کەمترە (واتە، گۆڕان زۆرترە) لەو ئاوایيانەی لە ناوەڕاستی زمانەکانن. ئەم کرداری کارلێککردنی زمانە هاوسنورەکان لە زمانەوانیدا پێی دەوترێ: ململانێی زمانەکان (صراع اللغات) هەڵبەتە کام زمان پتر کەرەسە ببەخشێ ئەوە بە زمانی (زاڵ) دادەنرێ و کام زمانیش پتر وشە و کەرەسەی زمانی وەربگرێ، ئەوە بە زمانی (بەزیو) دادەنرێ. زمانەوانانیش چەند مەرجێکیان بۆ ئەم ڕادەی تێکەڵی و کارلێکە داناوە. واتە، (ئەگەر ئەم مەرجانە لە ئارادا نەبن، زمانێك بە سەر زمانێکی تردا زاڵ نابێ:ـ

١ـ دەبێ زمانە زاڵەکە لە ڕوی شارستانی و ڕۆشنبیری و دەسەڵات و فراوانیدا، لە زمانە بەزیوەکە پێشکەوتوتر بێ.

٢ـ دەبێ ماوە و کاتێکی زۆر و پێویست زمانە زاڵەکە بە پێشکەوتویی لە سەر زمانە بەزیوەکە بمێنێتەوە.

٣ـ دەبێ خەڵکێکی زۆر لە هەردولا لە ناو یەکتری بژین و تێکەڵی و هاتوچۆی زۆر لە نێوان هاوزمانەکانی هەردولا ڕوبدا.

٤ـ دەبێ هەردو زمانەکە، واتە، زاڵەکە و بەزیوەکە لە هەمان خێزانی (گروپی) زمان بن، یا لە دو خێزانی خزم بن[1].

لە گەڵ لە ئارادا بونی سێ مەرجی یەکەم لە نێوان زمانی کوردی لە لایەك و زمانی عەرەبی و دواتر تورکی لە لایەکی تر، بەڵام (مەرجی چوارەم) وەك فاکتەرێکی سەرەکی بوەتە هۆی ئەوەی بە درێژایی مێژو زمانی کوردی بتوانێ خۆی بەرامبەر زمانی عەرەبی و تورکی ڕاگرێ[2]. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە کەرەسەیان لە زمانی عەرەبی و تورکی قەرز

---

(١) د. رمضان عبدالتواب، المدخل الى علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٢، ص١٧١ـ١٧٧.

(٢) بۆ نمونە لە مێژوی هاوچەرخدا ململانێی کوردی و عەرەبی لە دەڤەری گەرمیان بە گشتی و لە شاری کەرکوك بە تایبەتی لە دیاردەیەکی سروشتی دەرچو و شێوەیەکی زۆرەملێ و ئەنقەستی گرتەوە، کە ڕەگەزپەرستانە هەوڵدراوە زمانی عەرەبی زاڵ بکرێ بە سەر زمانی کوردی، بە تایبەتی دوای دۆزینەوەی نەوت لەو ناوچەیە و سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی، چونکە مانەوەی هەر نەتەوەیەك بەندە بە مانەوەی زمانەکەی. کە ئەمەش بۆ داگیرکەران نەچوە سەر دەستیان بە دەرکردن و ڕاگوێزانی کوردەکان کرد و عەرەبیان لە جێ دانان. لە دواییشدا ئەم پلانە ناونرا : ڕامیاری بە عەرەب کردن (سیاسەتی تەعریب). ئێستاش بۆ قەدەغە کردنی ئاخاوتن بە کوردی دەسەڵاتدارانی کەرکوك ڕامیاری (ڕاستکردنەوەی نەتەوەیی) یان (تصحيح القوميه)یان گرتۆتە بەر، واتە، دەبێ کوردەکان نەتەوەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە عەرەب، ئەگەرنا بە خەڵکی ئەو شارە دانانرێن و هیچ کاروبارێکیان بۆ ئەنجام نادەن. بەڕێز فەیسەڵ دێهاتی لە لاپەڕە (٢)ی ژمارە (٩٦)ی ڕۆژنامەی (ڕزگاری) ڕۆژی دوشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٠/١٦ وتارێکی بە ناوی (دەرهاوێشتەکانی تەعریب بۆ ئاییندە) نوسیوە و تیایدا هاتوە: (باری سیاسی کوردستان دوای ڕاپەڕین کەوتە قۆناغێکی دیکەوە، دەستەبەربونی پارێزگاری نێودەوڵەتی و دانانی هێڵی (٣٦) دو ڕوکاری لێك جیاواز بون، لە لایەك کوردستان کەوتە ژێر پارێزگاریەوە، لە لایەکی دیکە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان کەوتە دەرەوەی سنوری حوکمڕانێتی حکومەتی کوردستان، ئەم جارەشیان حکومەتی عێراق کەڵکی لەم دەرفەتە وەرگرت و کەوتەوە تەرحیل و تەعریبکردنی ئەو بەشە کوردستانیەی ژێر دەسەڵاتی خۆی جگە لەمەش یاسای (تصحيح القوميه)شی داهێنا، بەڵام لەم هەلومەرجە تازەدا هاوپەیمانان و ڕۆژئاوا وUN هیچ کاردانەوەیەکیان بەرامبەر بەم سیاسەتی ((پاکتاو کردنە)) ئەتنیکیەی حکومەتی عێراق نیە، هەڵبەت گومانیش ناکرێت ئەمە جۆرە ڕێککەوتنێك بێت و کوردستانی تیادا دابەش کرابێت...).

نەکردوە، چونکە (هیچ زمانێك پەرەناسێنێ، بە بێ تێکەڵبون لە گەڵ زمانانی تر)[1]، بە تایبەتی هاوبەشی ئایینی هۆیەکی کاریگەر بو بۆ خواستنی وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی.

٥ـ هۆیەکی گرنگی تری کارلەیەککردنی دو زمان، کاردانەوەی دەرونیە. ئەگەر کاردانەوە یەکی دەرونی پۆزەتیڤ (خۆشەویستی) لە نێوان دو نەتەوەکە هەبێ، کارلێکی نێوانیان زۆرتر دەبێ، بەڵام ئەگەر کاردانەوە دەرونیە کە نێگەتیڤ (ڕق و کینە) بێ، ئەوا کالێکی نێوانیان زۆر کەم دەبێ و تەنانەت زمانە بەزیوەکە، هەردەم وشەکانی زمانە زاڵەکە بە بێگانە و دوژمن دەزانێ و هەر بۆی بڕەخسێ، دەریاندەکا. ئەم دیاردەیەش بەسەر وشە بێگانەکانی هەر سێ زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا هاتون لەناو زمانی کوردیدا.

هەر ئەم هۆکارەش بوەتە هۆی پاراستنی زمانی کوردی لە فارسی، ئەگەرچی هەمان گروپن. ئەوەی ماوە بوترێ، ڕق و کینەی کورد بەرامبەر ئەو سێ زمانە لە ئەنجامی ئەو ستەمە زۆرەی ئەو سێ نەتەوە دراوسێیە بە درێژایی مێژو لە کوردیان کردوە.

جگە لەمە زمانەوانان چەند قۆناغێك بۆ ململانێی دو زمان دادەنێن، کە ئەمانەن:

١ـ قۆناغی یەکەم[2] ـــ﴿ هەنگاوی وشە ﴾:

لە میانی ئەو قۆناغانەدا ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوە لە زمانە زاڵەکە دەچێتە زمانە بەزیوەکە و پەیتا پەیتا ژمارەیان پتر دەکا. وەك لە زمانەکانی (بەربەری)دا ڕوی دا بەرامبەر زمانی عەرەبی. لێرەدا ئەگەر ماوە کە کەمی خایاند، زمانە زاڵەکە کەم وشە لە زمانە بەزیوەکە وەردەگرێ، بەڵام ئەگەر ماوە یەکی زۆری خایاند ئەوا ئەویش وشەی زۆر لە زمانە بەزیوەکە وەردەگرێ. هەروەك تاکو زمانی فەڕەنسی بە سەر زمانی نۆرماندی زاڵ بو نزیکەی نیوەی وشەکانی ئاڵوگۆڕ بو. ئەگەر ئێمەش بەراوردێکی وشە عەرەبیەکان بکەین لە ناو زمانی کورد یدا، لە گەڵ وشە کوردیەکان لە ناو زمانی عەرەبی، دەبینین: ژمارەیەکی زۆر وشەی عەرەبی لە ناو زمانی کوردی هەیە و تاکو بەرەو باشوری کوردستان بچین ڕێژەی وشە عەرەبیەکان پتر دەبێ. هەروەها دەبینین: زمانی عەرەبی (وەکو زمانێکی زاڵ) کەمتر وشەی لە زمانی کوردی (وەکو زمانێکی بەزیو) وەرگرتوە. (ئەکادیمی ڤلادیمێر گێورگیێڤ کە ڕابەری ئەم چەشنە تێگەیشتنانە ئەکات بە ڕەخنەوە لەو سەردەم دانانە ئەدوێت کە دەربارەی زمانی جیاواز هەن... (لە باری سەرنجی گەشەسەندنیانەوە زمان زۆرتر دەخرێتە بەردەمی ڕێکەوتی ـ درێژ یا کورتتری ـ بەشێك لە سەردەمەوە. لە بەر ئەوە هەمو کاتێ ناتوانین سنور بۆ سەردەمە بنەڕەتی یەکانی گەشەسەندنیان دابنێین. بە گشتی هەندێ زمان بە هێزی خاسیەتی گەشەسەندنیان و زۆر خایاندنی مێژوی بینراوی نوسینیان سەردەم بۆ دانانیان تاقی ئەکرێتەوە و لە زمانی تریشدا سنوردانان لە سەر بناغەی سەردەم زۆر گرانە) لە بەر ئەوە دەربارەی زمانێکی کۆنکریتی، کە گەشەسەندنی بە پێی بەشێکی کەمی سەردەم، بە بەراورد لە گەڵ سەردەمی تردا سنوری بۆ دانراوە، دابەشکردنی سەردەمە بنەڕەتیەکانی مێژوی یا لە توانادا نی یە، یا گرانە)[3].

٢ـ قۆناغی دوەم ـــ﴿ قۆناغی دەنگ ﴾:

---

(١) فندريس، اللغة، ترجمة عبدالحميد الدواخلي و د. محمد القصاص، القاهرة، ١٩٥٠، ص٣٤٩.

(٢) الدكتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٢١ـ١٢٢.

(٣) ڤ.ڤ.ڤینوگرادووڤ، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی دوکتور:عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ،بەغدا،١٩٩١،ل٥٠.

لەم قۆناغەدا ماسولکەکانی دەم و قورگ و ژێیەدەنگیەکان لە سەر دەربڕینی دەنگە نوێیەکان ڕاد ێن و ف ێری گۆکردنیان دەبن، تا وای لێ دێ وەکو زمانە زاڵەکە دەریان دەبڕن. بەم جۆرە دەنگەکانی زمانە زاڵەکە دەخزێنە زمانە زمانە بەزیوەکە. وەکو خزینی دەنگی (ح، ع، ق...)ی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی. بە بەڵ گەی ئەوەی ئەم دەنگانە لە زمانە هیندۆئۆروپییەکاندا نین و کوردیش یەکێکە لەو زمانانە و لە سەرەتادا ئەم دەنگانەی نەبوە، بەڵام لە دواییدا بە کاریگەریی زمانی عەرەبی ئەم دەنگانە هاتونەتە ناو زمانی کورد یەوە. لێرە شدا کاری گەریی ڕادەی تێکەڵی وای کردوە، باشوری کوردستان باشتر لە شێوەزارەکانی باکوری خۆیان دەتوانن هەردو دەنگی (ح) و (ع) و (ق) گۆ بکەن و لە یەکیان جیا بکەنەوە، تەنانەت تا ئێستا لە هەندێ شێوەزاری کوردیدا (ح) و (ع)، هەروەها (ق) و (ك) ... تێکەڵدەکرێن و نابنە هۆی واتاگۆڕین. هەڵبەتە لە مەیدانی ململانێی زمانەکان ئەم قۆناغە ﴿قۆناغی دەنگ﴾ بە ترسناکترین قۆناغەکانی گۆڕانی زمان دادەنرێ، چونکە پتر سیمای زما نە بەزیوە کە دە سڕێتەوە و زمانە کە دەتوێنێتەوە.

٣ـ قۆناغی سێیەم ـ﴿قۆناغی ڕێزمان﴾:

لەم قۆناغەشدا زمانە زاڵەکە ڕێزمان و دەستور و یاساکانی دەسە پێنێتە سەر زما نە بەزیوە کە و چۆنیەتی داڕشتنی وشە و ڕستەکانی پێ دەگۆڕێ و ئینجا بەرە بەرە واتاکانی ڕەوانبێژی و ئیدیۆمەکانی سەقامگیر دەکا.

ئەگەر لەم بارەیەوە سەرنجی زمانی کوردی بە گشتی و شێوەزاری گەرمیان بە تای بەتی بدەین دەب ینین: یاساکانی زمان نەگۆڕاوە، تەنیا ئەوە نەبێ:

أ ـ لە زاری خوارو (لوڕی)دا: ڕاناوە کەسیە لکاوەکان لە کرداری نوسانیان (عما یە الا صق) تا ڕادە یەك هاو شێوەی عەرەبییان وەرگرتوە:

| زمانی عەرەبی | زاری خوارو | زاری ناوەڕاست |
|---|---|---|
| أكلـ + ﴿ت﴾ الطعام | نـان خـوارد + ﴿م﴾ | نـانــ + ﴿م﴾ خـــوارد |

لەم نمونەیەی سەرەوە بۆمان دەرەکەوێ لە کاری ڕابوردوی تێپەڕدا، ڕاناوی لکاوی بکەر (ت) لە عەرەبی و (م) لە زاری خوارو بە کارەکە (أكل / خوارد)ـەوە لکاون[١]، بەڵام لە سەرجەم زارە کوردیەکانی تر بە بەرکار (نان)ـەوە دەلکێ.

٢ـ لە شێوەزاری گەرمیاندا وەکو عەرەبی یەك دەستە ڕاناوی کەسی لکاو بۆ کاری تێپەڕ و تێنە پەڕ بە کار دێ. کە چی لە شێوەزارەکانی تری ناوەڕاستدا ڕاناوە لکاوەکانی تێپەڕ و تێنە پەڕ جیان:

| | زمانی عەرەبی | شێوەزاری گەرمیان | شێوەزارەکانی تر |
|---|---|---|---|
| تێپەڕ | أكلـ + ﴿نا﴾ | خـوارد + ﴿مان﴾ | خـوارد + ﴿مان﴾ |
| تێنە پەڕ | ژهبـ + ﴿نا﴾ | چـــو + ﴿مان﴾ | چـــو + ﴿یـن﴾ |

ئەگەرچی سنورێك لە نێوان قۆناغەکاندا نیە و چونەتە ناو یەکتر، بەڵام گومان لەوەدا نیە چەندین سەدە تێپەڕیون تا گۆڕانەکان ئە نجامدراون. ئەوەی شایانی باسە کاریگەریی زمانەکانی هەمان خێزان خێرا تر ڕودەدا لە

(١) تارا عەبدوڵڵا سەعید، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٨، ل٦٩.

زمانەکانی دو خێزانی جیاواز[1]، ئەمەش سەردەمی درێژی دراوسێیەتیی کورد لەگەڵ عەرەب لە باشوری کوردستان درێژتر دەکاتەوە.

## بەندی سێیەم ـــ هۆیەکانی گۆڕانی زمانی کوردی:

(ئاشکرایە کە زمان لە دۆخێکی سڕبەستو نامێنێ و لە سنورێکی دیارکراودا ناوەستێ، بەڵکو ڕووەو پێشکەوتنە، پێشکەوتنەکەشی کارێکی سروشتیە و بەربەستێك نیە بە ڕویا بوەستێ و پێشی پێ بگرێ، چونکە بە توندی پابەندە بە ژیانی قسەپێکەرانی و لە بەر ئەوەی ژیان لە پێشکەوتن و گۆڕانی بەردەوام دایە، کەواتە زمانیش لەم بارەیەوە هاوپای ژیانە و بە پێشکەوتنی پێشەکەوێ و بە دواکەوتنی دوادەکەوێ)[2]. بەڵام (بۆ زمانەکان بە تێپەڕبونی کات دەگۆڕێن؟ وەڵامێکی دیارکراو بۆ ئەم پرسیارە نیە. چەندین بیردۆزە دەربارەی گۆڕانی زمان دانراون، بەڵام هیچیان هەمو هۆیەکانی نەگرتۆتە خۆی)[3]. هەندێکیان هۆیەکانی گۆڕان دەگێڕنەوە بۆ هۆیە کۆمەڵایەتیەکان، وەك دکتۆر پەرویز ناتل خانلری، لەو باوەڕەدایە: بۆ گۆڕانی زمان دو فاکتەری سەرەکی لە ئارادان: یەکێکیان هۆی کۆمەڵایەتیە و گۆڕانکاریەکانی هەر کۆمەڵێك لە زماندا ڕەنگدەداتەوە. ئەوەی تریان، کە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بە (ئاخاوتن) ئەنجام بدرێن و کرداری ئاخاوتنیش ماندوبونێکی مێشکی و ماسولکەیی دەوێ، سروشتی مرۆڤیش ئارەزو دەکا تا بۆی بلوێ کەمتر وزە بەکارببا، بۆیە کەرەسەکانی زمان کورت دەکاتەوە و دیاردەی کورتبونەوەی زمان سەر هەڵدەدا و گۆڕانی زمان دێتە ئارا[4]. هەندێکی تر، گۆڕانی زمان دەگێڕنەوە بۆ پێشکەوتنی ڕادەی شارستانی، وەك: (زمان وەك بیر، لە سەرەتاوە بە شێواوی و تەسکی دەستی پێ کردوە.. بە پێگەیشتن و گەشانەوەی زانیاری و دامەزراندنی شارستانێتی، پەرەی سەندوە. گەیشتنی زمان بە ئاستی ئێستای، ئەنجامی پێگەیشتنی ژیری مرۆڤ و ئامرازی وتنەکەیەتی.. بەر و کاریگەری پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە، گەشانەوەی ڕۆشنبیریە و کارپێکردنی زمانانیشە لە یەکتری. بێجگە لە ئەوانەش، پێشکەوتنی باری ئابوری و کۆمەڵایەتی وەهای کردوە وشە و زاراوەی نوێ، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، دانەری و وەرگێڕان و چاپەمەنی بەشداریی پێشخستنی بکەن)[5]. هەندێکی وەك (ن. ی. تۆلستۆی دەڵێ: زمانی گشتی لە سروشتی کۆمەڵایەتیی خۆیدا لە بنەڕەتدا شاری بو، بەسترا بو بە جەرگەیەکی گەورەی بازرگانی یەوە (یا بە چەند جەرگەیەکەوە، ڕۆڵی لە گەڵ پەرەسەندنی دەوڵەت و شارەکان و بازرگانیدا پەرەی سەند)[6]. یان گۆڕانی زمان دەدەنە پاڵ داهێنانی نوێ: (گۆڕینی بەرهەم و داهێنانی نوێش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی هاتنە کایەی چەندان زاراوەی تازە لە ڕۆژێکدا)[7]. یان ئابوری: (چون یەك نەبونی گەشەکردنی زمانان لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەنجامی جیاوازیی پێشکەوتنی ئابوری و ڕامیاری

(١)الدكتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٢٢.

(٢) الدكتور نعمة رحيم العزاوي،النقد اللغوي بين التحرر والجمود، مجلة الموسوعة الصغيرة (١٤١)،بغداد،١٩٨٤،ص٢٤.

(٣) JOHN LYONS، Language and Linguistics ، New York ، ١٩٨٥ ، ٢٠٧ P

(٤)دكتر برويز ناتل خانلري، تأريخ زبان فارسي، جلد أول، انتشارات بنياد فرهنك ايران، ١٣٤٩ايراني، ص١٠٣-١٠٤

(٥) فوئاد تاهیر سادق، هۆشیاریی زمانەوانی، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٠.

(٦) ڤ.ڤ.ڤینۆگرادۆف،مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبونی و گەشەسەندنی،وەرگێڕانی د.عیزەدین مستەفا.بەغدا.١٩٩١.ل٥٠ـ٥١

(٧) برهان قانع، فەرهەنگی نوێ، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٥.

وڵاتانی جیاوازە. ئەمەش جارێکی دی نیشانی پێوەندیی هەمیشەیی زمان و میللەت، زمان و کۆمەڵ دەدات. ئەم یا سا گشتییەی دروستبون و گەشەسەندنی زمانی میللەت و زمانی نەتەوایەتی لە تایبەتێتی گ شتی دی و گەلا ڵە بوذ یدا ڕەنگ دەداتەوە)[1]. هەندێکیش گۆڕانی زمان بە هاو شانی ژ یانی نە تەوە دادە نێن، وەك: (زما نەکان هاو شانی نەتەوەکانن لە بەرز بون و نزمبونەوەیان و لە پەرەسەندن و گۆڕانیان، هیچ زمانێك لە ئارادا نیە بێ قسە پێکەرانی و ناژیێ بە بێ ژیانی ڕۆڵەکانی. هەر پەرەسەندنێکی نەتەوە کاریگەریەکی ئاشکرا لە زمانەکەی ج ێدەهێڵێ. ل ێرەدا مەبەستمان ئەو کاریگەریە ئەنقەستەیە کە ڕواڵە تەکانی ژ یان پێویـ ستی پێ هە یە و داوای دە کا. وا باوە نەتەوەکانیش وەڵامی ڕواڵەتەکانی ژیان دەدەنەوە و واتای هەندێ وشەکان دەگۆڕێ تاکو هاوپای سەردەم بڕوا. لە چاخە دێرینەکاندا ژیانی ماڵ وەکو سەردەمی ئێستا نەبو و سیستەمی بازاڕ وەکو پەیڕەوی هاوچەرخ نەبو، ئامرازەکان ئەم ئامرازانە نەبون و هۆیەکانی گەیاندن و جل وبەرگ خانوبەرە ئەمانە نەبون و بە کورتی لە جیهانی کۆندا تەنیا دیمەنە سروشتیەکا نمان بۆ ماوەتەوە لە ئا سمان و ئە ستێرەکان و خۆر و مانگ و زەوی و ڕوبارە کان و دەر یا و گرکانەکان و ڕەشەبا و زریانەکان، ئینجا هەمو جۆرە گیانەوەرەکان و باڵندەکان و ماسیەکان و زیندەوەرەکان و هەوا. جگە لەمانە هەمو شتێك گۆڕا و هەمو شتێك لە سەر زەوی بۆ مرۆڤ پەرەی سەند. مرۆڤ بینی خویشی نا چارە لە ڕوی وتەکانی دەربڕینی و ئامرازەکانی و پیشەسازیەکانی و جل و بەر گەکانی و خانو بەرەی پەرەبـ سێنێ)[2]. لینیـ نیش گەشەسەندنی زمان دەبەستێتەوە بە سەرمایەداری جوڵەی بازرگانی (دەڵێ: زمان گرنگترین هۆی تێ کەڵیی ذ ێوان مرۆڤە، یەکێتی زمان و بێ کۆسپی گەشەسەندن یەکێکە لە مەرجە هەرەگرنگەکانی بە ڕاستی ئازاد و فراوانی لە گەڵ سەرمایەداریی هاوچەرخدا گونجاوی خولی بازرگانی و گردبونەوەی سەربەست و فراوانی دانیشتوانی سەر بە هەمو چینەکان، لە کۆتاییشدا هەل و مەرجی پێوەندیی نزیکی بازاڕ لە گەڵ هەمو خاوەن و کارگێڕێ کدا و کڕ یار و فرۆشیارێکدا)[3]. بە گشتی دەتوانرێ هۆیەکانی گۆڕانی زمانی کوردی لەم دو هۆیەی خوارەوە کۆ بکرێنەوە:

<u>یەکەم ـ هۆی دەرەکی:</u>

ئەو فاکتەرانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی زمانی کوردی کار لە زمانی کوردی دەکەن و دەیگۆڕن. مەبە ست لەم فاکتەرانە بە زۆری پتربونی کەرەسەی بیگانەیە[4] (لە دەنگ و وشە و ئیدیۆم و ...هـ تد) لە ناو ز مانی خا نەخوێی زگماکی، هاتنی ئەم کەرەسە بیگانانە لە دو ڕێگەوە دەبێ: یان بێگانەکان خۆیان دەیانهێنن و دایدەسە پێنن بە زمانی بەزیو و خانەخوێ، یان خانەخوێیەکان خۆیان کەرەسەکان دەهێننە ناو زمانەکەیان بە ڕێگەی وەرگرتن و قەرزکردن، بەڵام لە یەك جیاکردنەوەی کەرەسە بیگانەکان کە لە کام ڕێگەوە هاتون کارێکی ئاسان نیە. بە گشتی ئەمە هە ندێ لەو ڕێگایانەن کە وشەی عەرەبی پیادا هاتۆتە ناو زمانی کوردی: هاموشۆی ئاشتیانە و دۆستانە، وەك هاتنی دەیان وشەی عەرەبی لە مەیدانی ڕۆشنبیری (وەکو شیعر، شاعیر، ئەدەب، کتاب، قەلەم، دەفتەر، مەکتەب، مەتعەم، ف ندق

---

(١) ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی، سەرەتاییکی زمانناسی، وەرگێڕانی میدیا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٦٩.

(٢) دکتور ابراهیم أنیس، دلالة الألفاظ، القاهرة، ١٩٧٦، ص١٤٦.

(٣) ڤ.ڤ.ڤینۆگرادۆف،مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبونی و گەشەسەندنی،وەرگێڕانی د.عیزەدین مستەفا.بەغدا.١٩٩١.ل١٨.

(٤) لێرەدا مەبەست لە ( کەرەسەی بێگانە )، کەرەسەکانی زمانی عەرەبیە و هاتنیان بۆ ناو زمانی کوردی، چونکە کاتێ باسی ئەو شێوەزارە دەکەین هاوتەریب و ڕاستەوخۆ نوساوە بە زمانی عەرەبی. ئەگەرنا هەمان شتیش ڕاستە بەرامبەر کارتێکردنی زمانی تورکی لە باکوری کوردستان و فارسی لە ڕۆژهەڵات، بەڵام لەگەڵ فارسیدا جیاوازی لەوەدایە کە هاوگروپین و بەشدارین لە میراتی زمانی مردوی ئێرانی کۆن یا هیندۆئێرانی.

و....هتد). یا تێکەڵی زۆرەکی و هێرشی سەربازی و داگیرکردن، وەك هاتنی دەیان وشەی عەرەبی لەم مەیدا نەوە (وەکو عەسکەر، عەریف، نایبعەریف، ڕەبیە، دەبابە، پۆستاڵ، تەسریح و....هتد)، ڕێگەی ئایینی (هاتنی دەیان وشەی وەکو ئیسلام، حەج، زەکات، کافر، شەیتان، ڕەحمان، غەزەب، لەعنەت/نەعلەت، شەرع، مارەیی، تەلاق و....هتد) و چەندین ڕیگەی تری کۆمەلایەتی (وەك: سفور، محجبە، هەموجنێوە سادەکان)[1] و بازرگانی و ڕامیاری....هتد. هەڵبەتە سەرجەمی ئەم لایەنانەش، بە تایبەتی لایەنە ئایەکیەکانی (الجوانب الایجابیە) ڕواڵەتی شارستانیەتی هەردو لا دەخەنە ڕو. بە هەمان شێوەش دەتوانرێ چەندین نمونەی تورکی و فارسی لە زمانی کوردیدا بدۆزینەوە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ کەرەسە عەرەبیەکان ڕێژەیان کەمترە.

هەرچەند ڕێژەی تێکەڵبون لە نێوان دانیشتوانی دو ئاوایی (کۆمەڵگە) زۆرتر بێ، ڕێژەی ئاڵوگۆڕی وشە و کەرەسەکانی تری زمان زۆرتر دەبێ. بە پێچەوانەش هەرچەند ڕێژەی تێکەڵبون لە نێوان دانیشتوانی دو ئاوایی کەمتر بێ، ڕێژەی ئاڵوگۆڕی وشە و کەرەسەکانی تری زمان کەمتر دەبێ. واتە، هاوکێشەی نێوان تێکەڵبون و ئاڵوگۆڕی کەرەسەکانی زمان ڕاستەوانەیە، ئەگەر ئەم دو ئاواییە لە یەك زمان بن (ئەگەر لە یەك شێوەزار یا زاری جیاش بن گرفت نیە)، ئەوا تاکو ڕادەی تێکەڵبون پتر بێ، جیاوازیی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە و گۆڕان نامێنێ. کەواتە، ڕێژەی تێکەڵبون و ڕێژەی گۆڕان لە نێوان ئاواییەکانی هەمان زماندا هاوکێشەیەکی پێچەوانەیە: تا تێکەڵبون زۆرتر بێ گۆڕان کەمتر دەبێ، بەڵام ئەگەر ئەم دو ئاواییە لە دو زمانی جیاواز بن، ئەوا تاکو ڕادەی تێکەڵبون پتر بێ، جیاوازیی نێوانیان کەمتر دەبێتەوە و گۆڕان زۆرتر دەبێ. چونکە هەر یەکەیان بە ئاراستەی دوەمیان دەگۆڕێ. کەواتە، ڕێژەی تێکەڵبون و ڕێژەی گۆڕان لە نێوان ئاواییەکانی دو زماندا هاوکێشەیەکی ڕاستەوانەیە: تا تێکەڵبون زۆرتر بێ گۆڕانیش زۆرتر دەبێ. بۆیەش دەبینین، ئەو شێوەزارانەی هاوسنور و لێکەوتەی زمانێکی دراوسێن، پتر گۆڕانیان بەسەردا دێ. بۆ نمونە، شێوەزاری گەرمیانی ئەگەرچی زۆربەی سیما تایبەتیەکانی زاری کوردی ناوەڕاستی پاراستوە، بەڵام لە شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست: موکری و سۆرانی و سلێمانی.... پتر گۆڕانی بە سەردا هاتوە.

بە گشتی چەند فاکتەرێکیش هەن کار لە هۆی دەرەکی دەکەن. واتە، ڕادەی ئەم تێکەڵبونە سنوردار دەکەن و ڕێژەی زۆربونی کەرەسەی عەرەبی و تورکی و فارسی لە ناو زمانی کوردی مەرجدار و پابەند دەکەن، کە ئەمانەن:

**١ـ هۆی ڕامیاری:**

لە ڕاستیدا هۆی ڕامیاری (فاکتەری سیاسی) کاریگەریەکی زۆری هەبوە لە سەر ڕادەی تێکەڵنەبونی ناوچەکانی کوردستان و ئەمەش بوەتە هۆی لەیەکدابڕان و پتر زەقکردنەوەی زار و شێوەزارە کوردیەکان. دەتوانین ئەم هۆیە بکەین بە دو بەش:

---

(١) ئەگەر بە وردی سەیری زمانی کوردی بکەین، هیچ جنێوێکی سادەی (وشەی سادە) تیادا نابینینەوە، بەڵکو زۆربەیان لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراون، ئەمەش پتر بەڵگەی ئەوەیە: ئەم دیاردە ناپەسەندانە لە وڵاتی کوردەواریدا نەبون و دیاردەکە و ناوەکەی لەوانەوە هاتونەتە ناو کورد. کۆمەڵناسە کوردەکان بەڵگەی بەرجەستەییان بۆ ئەم ڕاستیە بە دەستەوەیە کە لێرەدا شایانی باس نیە. ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە کورد جنێوی هەر نەبوە، بەڵکو ئەگەر سەرنج بدەین ئەو زاراوە کوردیانەی بۆ جنێو بەکاردێن زۆربەیان وشەی لێکدراون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە زاراوەکان خۆکردن و درەنگتر لە سادەکان دروستکراون.

**أ ـ ڕامیاری دەرەوە:** ئەویش پتر لەو سنورە ڕامیاریانە خۆی دەنوێنێ کە لە دوای دابەشکردنی کوردستان بەسەر وڵاتانی هاوسنوری کوردستاندا ڕەنگرێژکراون. ئەو سنورە دەستکردانە وڵاتی کوردەواری و زمانی کوردی لە یەك دا بڕی و پتر بەش بەشی کرد. ئەمەش دو زیانی گەورەی لە زمانی کوردی دا:

یەکەم ـ بە هۆی لەیەکدابڕانی پارچەکانی کوردستان، ڕادەی تێکەڵیی لە نێوان پارچەکان کەمکردەوە و بەمەش پەیتا پەیتا جیاوازیی دەکەوێتە نێوان پارچەکان و ئەگەر بەردەوام بێ، شێوەزارێك دەبێتە دو شێوەزار و زارێك دەبێتە دو زار.....

دوەم ـ لە بەر ئەوەی ئەو وڵاتانەی کوردییان بە سەردا دابەشکراوە، هەریەکە بە زمانێکی جیاواز قسە دەکەن (ڕوسی، تورکی، فارسی، عەرەبی) و هەر پارچەیەك ڕوەو زمانی فەرمانڕەواکەی دەگۆڕێ، لە ئەنجامدا ئاخاوتنی پارچەکان پتر لە یەك دادەبڕێن.

جگە لەمەش هەوڵی هەریەك لەم کەڵە دەسەڵاتدارانە بۆ تواندنەوە و جینۆسایدی کورد بە ڕێژەی جیاواز و هەوڵی تواندنەوەی زمانی کوردی بە پیلانی جۆراو جۆر وەك (ڕێگەکەوتنی نێوانیان بۆ ڕاگواستنی ٣٠ کم سنورەکان و دروستکردنی پشتێنەی ئاسایش ـ حزام أمني، و ڕامیاری بە تورك و فارس و عەرەب کردن و گۆڕینی ڕەگەزنامە و....هتد)، ئەمانە هەموی کاری لە گۆڕانی زمانی کوردی بە گشتی ناوچە لێککەوتەکان (مناطق التماس) بەتایبەتی کردوە.

**ب ـ ڕامیاری ناوەوە:** ڕامیاریی ناوەوەش چ لە کۆندا و چ لە ئێستا سودی بۆ لایەنی یەکگرتنەوەی زمان نەبوە. هەر لە کۆندا میرنشینە کوردەکان بیریان لە یەکخستنی زمان نەکردوەتەوە و هەر میرنشینەی زاری ناوچەکەی خۆی پەرە پێداوە و کردویەتی بە زمانی ئەدەبی وڵات، ئەمەش زارەکانی پتر زەق کردەوە و لە یەکتری ترازاندن. ڕامیاری ئێستا و هاوچەرخیش بە گشتی بیری لە یەکخستنەوەی زمانی کوردی نەکردوەتەوە و بە پێچەوانەوە: دەرچونی گۆڤار و ڕۆژنامە بە زاری جیا جیا و بونی بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە زاری جیا جیا و هەوڵدانی هەر زارێك بۆ بەکارنەهێنانی وشە و زاراوەی زارەکانی تر و سەرباری ئەمەش، تەنیا گرنگیدان بە زاری ژورو و ناوەڕاست و تا ڕادەیەکی زۆر فەرامۆشکردنی زارەکانی تری وەك خوارو و ڕۆژهەڵات، هەروەها هەوڵدانی هەرلایەنێك بۆ بەکارنەهێنانی زاراوەکانی لایەنەکانی تر و دروستکردنی وشەی سرك و نارێك، وەك: قوتابی و خوێندکار و فێرخواز، ژن و ئافرەت.......هتد.

**٢ـ هۆی دەرونی:**

(هۆیە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان کە لە جیاوازیەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و ڕادەی ڕۆشنبیری و لایەنەکانی بیرکردنەوە و ویژدان.... هتد خۆیان دەنوێنن. هەڵبەتە جیاوازیش لەم بابەتانە لە ئامرازی دەربڕین دەنگ دەداتەوە)(١). مەبەست لە هۆی دەرونی ئەو کاردانەوە دەرونیەیە کە لای هەڵگرانی زمانێك (نەتەوەیەك) دروست دەبێ، ئەنجامی ڕوداوەکانی ڕۆژگار، چ ئایەکی (ایجابی) بن، چ نایەکی (سلبی). ئەگەر لە

---

(١) الدكتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢، ص١٣٣.

ڕوی دەرونیەوە سەیری زمان بکەین، (ڕستە: بریتیە لەو کاردانەوەیەی لای گوێگر دروست دە بێ)[1]. کەوا تە، ئە گەر دەرونمان بەرامبەر شێوەزارێك، زارێك یا زمانێك ئاسودە بێ، تێکەڵی دەبینەوە و لە بەکارهێنانی سل ناکەی نەوە، بەڵام بە پێچەوانە ئەگەر لەبەر هەر هۆیەکی مێژویی، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی یا ئایینی.... هەڵوێست لە نەتەوەیەك وەرگرین و ڕقمان لێی ببێتەوە، ئەوا حەز لە زمانەکەشی ناکەین و ئارەزو دەکەین کەرەسەکانی زمانەکەیان لە ناو زمانی خۆمان بە کار نەهێنین و ئەوەی بەکاریشمان هێناوە پاکسازی بکەین و وشەی خۆماڵی، یان وشەکانی ز مانێکی دۆستی خۆمان، یا زمانێکی خزم، واتە هاوخێزانی خۆمانی لە جێ گا داب نێین. لە لایێ کی تریش هەو ڵدەدەین، زمانەکەمان بەرامبەر ئەو زمانە پتەو بکەین و زمانەکەمان دەپارێزین لە تێکەڵبون لە گەڵی و نزیکبو نەوە ل ێی. ئاڕاستەی گۆڕان لە گەڵیدا پێچەوانە دەکەینەوە. هەروەك ململانێی زمانی کوردی لەگەڵ عەرەبی و تورکی و فار سی. هەروەك (فندریس) دەڵێ: (لە پاڵ فاکتەرەکانی ئابوری و ڕامیاری، فاکتەری سۆزداری ( عاطفي) یش هە یە کە کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر پاراستن و هێشتنەوەی زۆر لە زمانەکان. ئەمەش فاکتەرێکی شکۆداریە و بە زۆری لە بەهای کەسایەتیی زمانەکە هەڵقوڵاوە)[2]. ئەگەر بەراوردێکی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆن لە گەڵ ئێ ستادا ب کەین، دەبینین: کۆنەکان پڕن لە وشە و زاراوەی عەرەبی و تورکی و فارسی، بەڵام ئێستا ڕێژەی وشەی ئەو سێ زما نە زۆر کەمبۆتەوە و بەردەوام بەرەو کەمبونەوە دەچێ. ئەگەر ئامارێکی ورد بۆ کرداری کەمبونەوەی ڕێژەی وشەکانی ئەو سێ زمانە لە ناو زمانی کوردی ب کەین، بۆ مان دەرە کەوێ لە سەرەتادا کە دە سەڵاتدارانی ئەو سێ نەتەوە یە ڕەگەزپەرستیان نەنواندوە و ستەمیان لە کورد نەکردوە، کوردیش ڕێزی گرتون و نەك هەر و شە و زاراوەی لێ قەرز کردون، بگرە زۆربەی زانا کوردەکانیش بە یەکێك یان پتر لەو سێ زمانەیان نوسیوە و تەنانەت گرنگیان بە ز مانی خۆیان نەداوە.

دژە کاردانەوەی دەرونی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێ. ئەو ناوچانەی نەکەوتنە ژێر دە سەڵاتی عەرەب، یا تورك، یا فارس کاردانەوەکەیان تا ڕادەیەك کەمتر بو، هەروەها ئەو ناو چانەی هاو سنور بون و لێککەوتنی ( تماس ) ڕاستەوخۆیان لە گەڵ دەسەڵاتی یەکێ لەو سێ داگیرکەرە هەبو، کاردانەوەکەیان پتر بو. ئەمەش بوە هۆی مانەوەی زمانەکەیان بە گشتی و زار و شێوەزارەکانیان بە تایبەتی. یەکێ لە نمونە بەرزەکانی ئەو شێوەزارە پتەو و خۆڕاگرانە: شێوەزاری گەرمیانە. کە سەرباری ئەو هەمو جەور و ستەمی بەردەوام و هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوکردنی ئەو شێوەزارە بە هەمو شێوازێکی تواندنەوە: بە عەرەبکردن و ڕاگوا ستن و خا پورکردن و...... ه تد، سەرباری نەبونی پارێزگاریکەرێکی ڕاستەوخۆ و مانەوەیان بە بێکەسی لە ژێر دەسەڵاتی دوژمن، بەڵام بە پێ چەوانە زمانەکەیان لە بری لە ناوچون پتر پەرەی سەندوە[3].

---

(1) J. Lyons، New Horizons in Linguistics، Penguin، ١٩٧٠، ١٣ P .

(٢) فندريس، اللغة، ترجمة عبدالحميد الدواخلي و د. محمد القصاص، القاهرة، ١٩٥٠، ص٣٥٠.

(٣) لەم بارەیەوە (فریاد معروف) وتارێکی لە لاپەڕە (٦)ی ڕۆژنامەی (حەمرین)ی ژمارە (١٦)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠ لە ژێر ناوی (لە بەرامبەر درێژەدان بە پرۆسەی بە عەرەب کردن و ڕاگواستنی خەڵکی ناوچەکانی کەرکوك و گەرمیان ) نوسیوە و لە بە شێکی دەڵێ: (حکومەتە مەرکەزییەکانی عیراق سیاسەتی دژ بە ئاما نجەکانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و ناوچەی کەرکوك و گەرمیان بە تایبەتی پیادەکردوە و دەکات.... ئێستاش بە پێی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ داڕێژراو درێژە بە سیاسەتی ناڕەوای خۆی دەدات لە بە عەرەب کردن و ڕاگواستنی هاوڵاتیانی کوردی سنورییەکەی ناوچەی گەرمیان.... هەڵبەت شێواندنی واقیعی نەتەوایەتی و جوگرافی سنوری کەرکوك و دەوروبەری چەندین شێوە و شێوازی بە خۆوە گرتوەو هەر جارەی بە بیانویەکی پوچەڵەوە خەڵك لە سەر

**٣ـ هۆی جوگرافی:**

(هەندێکیان ئەم پەرەسەندنی زمانە دەگێڕنەوە بۆ جیاوازیی بارودۆخی جوگرافی و ئاوهەوای ئەو کۆمەڵەکان و بە پێیە زنجیرەیەك ڕوداو ڕیز دەکەن کە گەلە جیاوازەکان دوچاری بونە لە پەرەسەندنی مێژوییان. بۆ لێکدانەوەی ئەم پەرەسەندنەش چەندین ڕێباز دەگرنە بەر. بەڵام ئەم لێکدانەوە جیاوازانە هەرچەند ڕێك بن لە توانج دەربازیان نابێ، چونکە ڕەسەنایەتی و سەرا پایی پتریان پێویستە تاکو بکرێن بە بیردۆزەی چەسپاو)[١]. زۆربەی زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کە (ـ هۆیە جوگرافیەکان، کە لە جیاوازیەکانی ئاو هەوا و سرو شتی وڵاتە کە و شێوە و ژینگە و کەوتگەی ناوچەکە و.... هتد خۆیان دەنوێنن، هەروەها لە ڕوی دابڕانی ناوچەکان لە یەکتر بە هۆی چیاکان و ڕوبارەکان و دەریاچەکان.... هتد. شارراوە نیە کە ئەم جیاوازی و بەربەستە شروشتیانە ـ زو یا درەنگ ـ دەبنە هۆی جیاوازی و دابڕانی زمانەکان)[٢]، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ پەیوەندییەکی ژێربێژی لە نێوان جوگرافیا و زماندا نیە. ئەگەر هیچ پەیوەندییەکی لەو بابەتە هەبوایە، دەبوایە خەڵکی هەمو چیاکانی جیهان کە هەمان ئاوهەوایان هەبێ، وە کو یەك و بە هەمان زمان بدوێن، بە هەمان شێوەش خەڵکی بانەکان و دەشتەکان و....هتد، بەڵام پەیوەندیی جوگرافیا بە زمانەوە ئەوەیە کە دیاردە جوگرافیەکان کار لە ڕادەی تێکەڵبونی ئاوابیەکان دە کەن و ڕ ێژەی گۆڕان سنوردار دەکەن. بۆیە لێرەدا مەبەست لە هۆی جوگرافی، تەنیا تەك یەکی کەوتگەی جوگرافی[٣] و هاوسێیەتی ز مانی کوردی و عەرەبی نیە، بەڵکو جگە لەمە پتر مەبەستمان تۆپۆگرافیای کوردستان و کاریگەریی بەرزی و نز می و سەختی و ئاسانی ئەو خاکەیە، سەرباری جۆراوجۆری ئاوهەوا[٤] لە سەر ڕادەی تێکەڵبون و گۆڕانی ز مانی کوردی بە گ شتی و دەرخستنی ڕێژەی گۆڕان بە پێی ڕێژەی سەختیی پێکهاتەی جوگرافیایی ناوچەکە، چونکە ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە، تاکو ڕێژەی سەختی خاك زۆرتر بێ، ڕێژەی تێکەڵبون و هاتوچۆ کەمتر دەبێ، تاکو هاتوچۆش کەمتر بێ ڕێژەی گۆڕان کەمتر دەبێ. ئەمەش وایکردوە، ناوچە شاخاویە سەختەکان پتر پاراوی خۆ یان بـ پارێزن و کەمتر بـ گۆڕێن، بە پێچەوانەش ناوچە دەشتاییە ساناکان پتر تێکەڵاو بن و کەمتر پاراوی خۆیان بپارێزن. بەم پێ یە ئە گەر سەیری نەخشەی کوردستان (نەخشەی ژمارە (٣)) بکەین، دەبینین: تاکو بەرەو باکوری کورد ستان بـ چین ڕادەی سەختی سروشتی جوگرافی لە هەمو بارێکەوە ـــ بەرزونزمی (تۆپۆگرافی)، ئاوهەوا، چەم و ڕوبار... سەختتر و توندتر دەبێ و بە پێچەوانەش تا بەرەو باشوری کوردستان بچین سەختی باری جوگرافی کەمتر و ئاسانتر دەبێ. بۆیە دەبینین، تا لە باشور بەرەو باکور بچین توانای هاتوچۆ کەمتر دەبێتەوە و ڕادەی تێکەڵبون و گۆڕانی زمانیش کەمتر دەبێ تەوە. تا

---

زێدی باو و باپیرانیان دەردەکەن و دەست بە سەر زەوی و زار و ماڵ و موڵکیاندا دەگرن و دەربەدەر و ئاوارەی باشوری عێراق و سنوری ئیدارەی حکومەتی کوردستانیان دەکەن و بە کۆمەڵ (عەرەب) لە شوێنەکانیانی دیکەی باشور و ناوەڕاستی عێراقەوە دەهێنن و لەو ناوچە کوردنشینانەدا نیشتەجێیان دەکەن....... هاوکات لەم چەند ڕۆژەی دواییشدا زیاتر لە ((٨٠)) گوندی کوردنشینی لە دەڤەری گەرمیان و سنوری یەکەی ئیداری پارێزگای کەرکوك بە مەبەستی ڕاگواستن و وەرگرتنی پارەی زەوی و زار و موڵکەکانیان ئاگادار کراونەتەوە کە بە زوترین کات سەر لە کارگێڕی خۆجێیەتی پارێزگای کەرکوك بدەن....... ).

(١) الدكتور ابراهيم السامرائي، مباحث لغوية، النجف، ١٩٧١، ص١٤٨.

(٢) الدكتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢.

(٣) Leonard Bloomfild ، LANGUAGE ، LONDON ، ١٩٦٩، P ٣٢١- ٣٤٥ .

(٤) فوآد حمه خورشيد، اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٧.

ناوچەکە شاخاوی تر و سەختتر بێ گۆڕانی زمان لەو ناوچەیە کەمتر ڕویداوە و پتر زمانە کە بە پاك و پاراوی ماوەتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ، ڕادەی پاراوی زمان لە گەڵ سەختی باری جەگرافی هاوڕێژە یە و هاوکێشەکەیان ڕاستەوانەیە: تا باری جوگرافی ناوچەکان سەختتر بێ ڕادەی پاراوی زمانەکەیان زۆرترە و بە پێچەوانەش تا باری جوگرافی ناوچەکان ئاسانتر بێ، پاراوی زمانیان کەمترە و ڕادەی تێکەڵبونیان زۆرترە. ئاسانی هاتوچۆ و زۆری تێکەڵ دەبنە هۆی ئەوەی زوتر شارستانیەت (بە هەمو وشە و زاراوە و بیرۆکەکانیەوە) بگاتە ناوچە ئاسانەکان پێش ئەستەمەکان و بەم جۆرە گۆڕانی زمان لەو ناوچە ئاسانانە زوتر و خێراتر و فراوانتر دەبێ. کەواتە ڕادەی شارستانیەتی و ڕادەی گۆڕانی زمان ڕاستەوانەن، چونکە (بێگومان بە پێی پێویستیەکانی شارستانیەتە نوێیەکان وشەی نوێش پەیدا بون)[1]، بەڵام هاوکێشەی شارستانیەت و پاراوی زمان پێچەوانەن. هیچ شارستانیەتێك بە بێ وەرگرتنی بیروڕای شارستانیەتەکانی تر بنیات نانرێ و بیروڕاش بە بێ زمان و زاراوەکانی وەرناگیرێ. کەواتە، هیچ شارستانیەتێکی پاراو و بێگەرد نیە و بەم پێیەش زمانی پاراو و بێگەرد نیە، چونکە (زمانیش، هەر زمانێك بێت، بەشێکە لە شارستانێتی ئەو میللەتە و لێی جیاناکرێتەوە. بگرە وەکو شارستانێتیش وایە، بە پێیی کەڵەکەبونی بەری هەمو دەستکەوتن و سەرکەوتنێکی مەزن، کە ئەو میللەتە بە تاقیکردنەوەیەکی دور و درێژ دەزگیریکردوە، نەك هەر کار لە شارستانێتیی ئەو میللەتە دەکات، بگرە تینی بۆ زمانەکەشی دێت و جۆرە گۆڕران و پێشکەوتن و پەرەسەندنێکی بۆ ساز دەدات..... زمان بە درێژایی تەمەنی چاخ بە چاخ گۆڕرانی بەسەردا دێت و، بەگوێرەی هەلومەرجی جوگرافیایی ناوچەکانی، ناونیشانەکانیشی جۆراو جۆر دەکەون. واتا ئەم جۆرە زمانە لە پێشکەوتندایە)[2]. ئینجا ئەگەر هۆی شارستانی بە هەمو لایەنەکانیەوە فاکتەری زۆربونی زاراوە و گۆڕینی زمان بێ، ئەوا هۆیە جوگرافیەکان بەربەستێکن لە ڕێگەی زو و درەنگی هاتنە ناوەوەی ڕادەی شارستانیەت، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، چونکە بە زۆری ئێمە شارستانیە تمان وەرگرتوە و کەمتر بنیا تمان ناوە.

## دوەم ـ هۆی ناوەکی:

هۆیە ناوەکیەکان ئەو فاکتەرانە دەگرێتەوە، کە لە ناوەوە دەبنە هۆی گۆڕینی زمان، واتە، پەیوەندییان بە خودی زمانەوە هەیە و کارتێکەرەکانی دەرەوە ڕۆل لە ڕێژەی کاریگەرییان نابینن. بە گشتی هۆیە ناوەکیەکان لە دو فاکتەر کۆ دەبنەوە: (کات) و (وزە). پێوانی کات و وزەی مرۆڤ لە کاتی ئاخاوتندا، هەندێ جار پێی دەوترێ (ئابوری زمان) یان (ئیکۆنۆمی).

مەبەست لە کات، پێوەری ماوەی خایاندنی زنجیرە دەنگەکانە بۆ گەیاندنی واتاکان. مەبەستیش لە وزە، ئەرك و ماندوبونی قسەکەرە تاکو دەنگەکان دروستدەکا و واتاکانی لێ بار دەکا، هەروەها ماندوبونی گوێگریشە تاکو دەنگەکان شیدەکاتەوە و واتاکانیان لێ دادەگرێ. لە سەر ئەم بنچینەیەش ڕێسایەك دێتە ئارا: هەرچەند واتای زۆرتر لە سەر زنجیرە دەنگی کورتر باربکرێ، قسەکەر قازانج دەکا و وزە و کاتی بۆ دەگەڕێتەوە.

---

(١) دکتور محمود فهمي حجازي، علم اللغة العربية، الكويت، ١٩٧٣، ص٣٠٢.

(٢) فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی ـ دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٨٥

مرۆڤ زنجیرە دەنگەکان بەکار دێنێ بۆ گواستنەوەی ئەو واتایانەی (بیرۆکانەی) لە مێشکماندا هەن[1] بۆ مێشکی بەرامبەرەکەمان (گوێگر)، مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە پێویستی بەوە بوە کە ئەو بیرۆکانەی لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانەی فێریان بوە و ئەو بەهرانەی بە درێژایی تەمەن فێریان بوە، بیگەیێنێتە منداڵەکانی خۆی، بۆ ئەوەی منداڵەکەی توشی ئەو هەڵانە نەبێتەوە کە خۆی پێیاندا تێپەڕیوە و لە سەر زەمینەی سەرکەوتنەکانی خۆی بناغە بۆ سەرکەوتنی زۆرتری منداڵەکانی دابنێ. بەم جۆرە نەوەی دوەمیش بەهرەکانی تەمەنی خۆی و ئەو بەهرانەی لە نەوەی یەکەم فێری ببو، دەیداتە نەوەی سێیەم و ئیتر نەوە دوای نەوە و پشتاوپشت بەهرەکان بەردەوام کەڵەکەیان کرد و زۆرتر بون و هاتنە خوارەوە تاکو گەیشتە ئەم ڕادەی پێشکەوتنەی ئەمڕۆ. گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم هەمو زانیاریانە بە هۆی زمانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوازراونەتەوە. (ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە سەر بنچینەی زانیاری هاوبەش ـ شارستانیەتی Culture ـ دا دامەزراوە و زمان ئامێری سەرەکیە بۆ گونجاندنی ئەو هاوبەشی زانیاریە. بە هۆی زمانەوە دەتوانرێ، لە مێشکی یەکتردا فۆتۆکرپی بیرۆکەکان بکرێ، قسەی ئاڕاستەکراو Guided Imitation هەروەك ئەوەی لە میانی بەکارهێنانی زمان پیادە دەکرێ، بەو ئامرازە دادەنرێ کە شارستانیەتی دروست دەکا و ئەو هۆیەیە کە شارستانیەتی لە کەسێکەوە دەگەیێنێتە کەسێکی تر و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دواتر)[2]. نکوڵی لەوە ناکرێ، بیر و زمان یارمەتیدەر و هاوشانی یەکتر بون بۆ پێشکەوتن، چونکە (زمان دەفری بیرە، دەیپارێزێ و دەریدەبڕێ و پەرەدار دەبێ بە پەرەسەندنی، لە خستنەڕوی پەیوەندی پتەوی نێوان بیر و زمان دەبینین: کاتێ بیر گەشەدەکا و پەرەدەسێنێ، ئەوا پەرەش بە زمان دەدا و گەشەی پێ دەکا، تاکو شیاوی دەربڕینی ئەو بیرە بەرزەفرە بێ. بیر ئەو نهێنیە مرۆڤایەتیە پێشکەوتوەیە کە هەمیشە چاوی بڕیوەتە بێخەوشی، ئەم بیرە لەو کاروانەیدا پێویستی بە زمانێکە پەیامەکەی بگەیێنێ، کەواتە دەبێ، ئەم زمانەش ڕو لە بەرزی و پێشکەوتن بێ، بە ڕادەیەك بتوانێ لە گەڵ پەیامی بیر یەکانگیر بێ. قسەکردنیش دیاردەیە کە پابەندی بیرە. نمونەش زۆرە لەو واژانەی بە پێی پەرەسەندنی بیر گەشەیان کردوە و پێشکەوتون)[3]. کەواتە، ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی چەند بیرۆکەیەکی سادە و ساکاری لا بوبێ دەربارەی ڕاو و شکار و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ... ئەوا پێویستی بە چەند زنجیرە دەنگێکی کورت و سادە و ساکاریش بوە بۆ دەربڕینیان، ئەمەش بە کاتێکی کەم و وزەیەکی کەم ئەنجام دەدرێ، بەڵام بە تێپەڕبونی ڕۆژگار و زۆربون و فراوان بونی بەهرەکان، بیرۆکەکانیش زۆرتر و فراوانتر بون و پێویستییان بە زنجیرە دەنگی درێژتر و هەڵگری واتای زۆرتر بون، هەڵبەتە ئەمەش وزە و کاتی زۆرتری دەوێ، چونکە (گۆڕانی ڕێبازی ژیان دەبێتە هۆی پەیدابونی بیرۆکە و بۆچونی نوێ، بیرۆکە و کەرەسە نوێیەکانیش زاراوەی نوێ و شێوەی نوێی ئاخاوتن دروست دەکەن)[4]. لەمەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، هەرچەند ڕۆژگار تێبپەڕێ، ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەوپێش دەچێ و بیر و زمانیش هاوشان و پەرەدەسێنن، چونکە (لە نێوان هەر زمانێك و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە، کە پێی دەدوێت، پێوەندییێکی بەهێز هەیە و بەم جۆرەش ئەو ڕێکبونە زمانەوانی یە

---

(١) ئێمە چۆن بۆ گواستنەوەی ماڵەکەمان لە خانوێکەوە بۆ خانوێکی تر، پێویستیمان بە بارهەڵگرێکە، ئاواش بۆ گواستنەوەی واتا لە مێشکێکەوە بۆ مێشکێکی تر، پێویستیمان بە زنجیرەی دەنگە تاکو واتاکانمان بۆ هەڵگرن و بیگوازنەوە.

(٢) بروفسور.روي.سي.هجمان،اللغة والحياة والطبيعة البشرية،ترجمة دكتور داود حامي أحمد السيد،الكويت،١٩٨٩،ص١٧٧.

(٣) الدكتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩، ص١٤٥.

(٤) HENRY CECIL WYLD ، THE GROWTH OF ENGLISH ، LONDON ، ١٩٤٢ ،.P ١١١ .

پێوەندی بە بیناى بیر و دیاردەکانی، هەروەها لە گەڵ فەلسەفەی ژیانی ئەو کۆمەڵەدا هەیە، وە ئەو زما نە دەبێ تە ئاوێنەی پلەی شارستانیەتی و کولتوری کۆمەڵەکە و هەستی لە سەردەمێکی تایبەتی دا دەردەبڕێت، لە بەر ئەمەیشە جیاوازییەك لە پلەکانی کۆچەرایەتی و نیشتەجێیی ( پلەی کشتوکاڵ ) و پلەی پیشەسازی بڵنددا لە هەمان زما ندا بەدی دەکرێت، ئەمیش لە بەر هۆی بەجێ هێنانی پێویستیەکانی ئەو شێوە ژیانانەن، وە بە پێی وشەو ر ستە تۆ مار کراوەکان دەتوانین لە شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵە کۆنەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست تێ بگەین و پلەی بیناى ئابوری و کۆمەڵایەتیان بزانین. لە مێژوی کورددا وەکو مێژوی هەر میللەتێك ئەم دیاردا نە رو یداوە و بە هەمان پلانە شدا تێپەریون و زمانی کوردیش بە پێی ئەو دیاردانە هەمیشە لە گۆڕین دا بوە )[1]. ئێنا جا دوای ئەو هەمو پێ شکەوتنە شارستانیەی لە هەمو بوارەکانی ژیان هاتۆتە ئارا، تۆ بڵێی ژ مارەی بیرۆ کەکان گەیشتبێتە چەند ؟ و هەر بیرۆکەیەکیش بە چەند وشە دەربڕێ ؟. رۆژێ لە ڕۆژان ئەگەر فەلسەفە زانستی تاقانە بوبێ ! ئێ ستا دە بێ چەند هەزار زانست و لق و پۆپی لێ بوبێتەوە ؟ بۆ نمونە سەیری نەخشەی ژمارە ( ٤ ) بکە کە بە هێڵکاری هە ندێ لـ قەکانی زمانەوانی و پەیوەندی نێوان زمانەوانی و هەندێ لە زانستەکانی تر پیشان دەدا[2]. بێ گومان نکوڵی لەوە ناکرێ کە سەرباری ئەو لێشاوە بەردەوامەی پەیدابونی وشە، هەندێ وشەش لە ناو دەچێ، چونکە ( واژە کان ( ألأل فاظ ) وە کو گیانلەبەرەکان، ڕەنگە هەندێکیان لە ناو بچن و هەندێکیان بمێنن و بە پێی بەکارهێنانیان لە ساتە جیاوازە کان بارگەی واتاییان لە بەهێزی بۆ بێهێزی یا بە پێچەوانە بگۆڕێ )[3]. هەروەها ( پەرەسەندنی واتایی لە زما ندا ئەوە دەگرێتەوە: کە هەندێ وشە پەیدا دەبن کە لە پێشتردا نەبون و هەندێ وشەش جێگۆڕکێ دەکەن کە پێ شتر بە کار دەهاتن یا بە یەکجاری لە ناو دەچن )[4]. بەلاَم ژمارەی ئەو وشانەی لە ناو دەچن زۆر کەمترە لە چاو ئەو لێ شاوی وشەیەی کە بەردەوام پەیدا دەبن، چونکە ئەگەرچی ( ژمارەی وشەکانی هەر زمانێ هەمیشە لە گۆڕاندایە. هەر ڕۆژەی دەیەها وشەی تازەی دێتە ناو و دەیەهای لێ لە بەکارهێنان دە کەوێ )[5]، بەلاَم ( لە زۆر بەی زمانەکا ندا و شە کەرەسەیەکی زیندوە کە ڕۆژگار کاری تێ دەکا و پەرەی پێ دەدا و دەیگۆڕێ و تایبە تمەندی واتایی نوێ پەیدا دە کا و کەم یا زۆر بەکاربردن لە بنچینەکەی دوری دەخاتەوە )[6]. کەواتە ئێستا ژ مارەی و شە و بیرۆ کەکان بێ پایا نە و مرۆڤیش وەکو جاران پێویستی بەوەیە ئەو هەمو زانیاریانەی فێری بوە، بیگەیێنێتە نەوەی نوێ. ئایا بۆ گەیا ندنی ئەو زانیاریانە چەند کاتی پێویستە ؟ ئایا مرۆڤی هاوچەرخ بۆ گواستنەوەی زانیار یەکانی بۆ نەوەی دوای خۆی هەمان کاتی مرۆڤی سەرەتایی پێویستە ؟. هەڵبەتە، چۆن بیرۆکە و وشەکان هەزاران جار بونە تەوە، بە هەمان شێوەش، کاتی پێویستیش بۆ ئەم کردارە هەزاران جار دەبێتەوە. بەلاَم ئە گەر سەرنجێکی ورد لە کات بدەین، دەبینین: کاتی ڕەخساو نەگۆڕاوە. واتە، مرۆڤی هاوچەرخیش هەمان کاتی بە دەستە کە مرۆڤی سەرەتایی بۆی ڕەخسا بو. مەبەستمان، هەمان شەو و ڕۆژەکەیە و هەمان ( ٢٤ ) کاتژمێرەکەیە. بۆیە ئەگەر مرۆڤی سەرەتایی کاتی ز یادی

---

( ١ ) د. جمال رشيد أحمد، لێ کۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی وڵاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٦.

( ٢ ) د.نبيل علي، نحو نظرة أشمل للغة،العدد السابع والثامن عشر من سلسلة كتاب قضايا فكرية،القاهرة،مايو١٩٧٧،ص٣١٤.

( ٣ ) حسن عون، دراسات في اللغة والنحو العربي، معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩، ص١٨.

( ٤ ) الدكتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢، ص٣٢٥.

( ٥ ) د.وريا عمر امين، چەن وشە لە زمانا هەیە ؟، ڕۆژنامەی العراق، چوارشەممە، ١٩٨٤/٣/١٤.

( ٦ ) الدكتور ابراهيم السامرائي، مباحث لغوية، النجف، ١٩٧١، ص١٤٩.

هەبوبێ، ئەوا مرۆڤی هاوچەرخ بە هیچ شێوەیەك كاتی بەش ناكا، ئەگەر بەردەوامیش ق سە ب كا. بۆ یە نا چارە خێراتر قسە بكا، تاكو سەرجەم مەبەستەكانی بگەیێنێ. بەلاٚم خێرایی قسەكردنیش پێویستی بە وزە و توانا یە و وزە و توانای مرۆڤیش چ لە قسەكردن و چ لە بیستن سنوردارە. چونكە ئاخاوتن و بی ستن دو كرداری پێ چەوانەن و پێویستیان بە چەند هەنگاوێكی گشتی هەیە كە ئەمانەن[1] :

| هەنگاوەكانی كرداری ئاخاوتن | هەنگاوەكانی كرداری بیستن |
| --- | --- |
| ١ـ بیرۆكە دەكاتە وێنە.<br>٢ـ وێنەكان دەكاتە هێمای دەنگی. | ١ـ هێما دەنگیەكان دەكاتەوە وێنە.<br>٢ـ وێنەكان دەكاتەوە بیرۆكە. |

ئەوەی شایانی باسە هەمو وشەیەك لە مێشكی مرۆڤدا پێك دێ لە وێنەیەك و هێمایەكی دەن گی كە پەیوە ندییەكی هۆشەكی توند دەیانبەستێتەوە[2]. ئینجا ئەگەر نەتوانرێ: كات درێژتر بكرێتەوە (چ كاتی تەمەن و چ كاتی شەو و ڕۆژ) و نەشتوانرێ: لەمە خێراتر قسەبكرێ و ببیسرێ، كەواتە، مرۆڤ ناچارە و نابەدەست (لا ارادی) زمانی ب گۆڕێ و كورت بێتەوە، تاكو فریای گەیاندنی ئەو هەمو پێشكەوتنە بكەوێ كە لە هەمو بوارێ كدا ڕوی داوە و لە مێ شكدا ڕەنگرێژ بوە و بە زمان دەردەبڕرێ. (كورت كردنەوەش لە كوردیدا دەستورە، هەر ماە لەتێكیش بەر دە ستور كەوت پەسندە)[3]. كورت بونەوەی زمان واتە، گەیاندنی واتای زۆر بە زنجیرە دەنگی كورت. ئەمەش لە كورت بونەوەی وشە و ڕستەكان خۆی دەنوێنێ. لە زمانی كوردیدا كورت بونەوە و گۆڕانی زمان زۆر بە زەقی هەستی پێ دەكرێ، بە تای بەتی چونكە زمانی كوردی لە مێژ نیە دەستی بە نوسین كردوە و زمانێكی ستاندەری سەرا پای نیە. كورت بو نەوەی ز مانی كوردی لە سێ ڕواڵەتدا بەرچاو دەكەوێ:

١ـ كرتانی وشە:

لەم كردارەدا یەكێ لە وشەكانی ڕستە یان پتر دەكرتێ و نامێنێ. (هەندێ لە وشەكان لە ناو چون لە بەر گرانی دەربڕینیان... هەندێكیشیان لە بەر وردی ناوەرۆكە كەی یان نەمانی پێوی ستی پێ یان لە دیالێك تە ئاساییەكان، یان كەمی خولانەوەی بەكارهێنانی، یان بونی واژەیەكی هاوواتای. بۆیە وا باوە زارە كانی ئا خاوتن پێویستە زۆر كورتببنەوە و لەناوچونی هەزاران وشەی زمان و نەهێشتنی هاوواتای زۆر)[4]. بۆ نمونە لە د یالێكتی ناوەڕاستدا بەردەوام ڕاناوە جیاكان لە كاتی قسەكردندا دەكرتێن، مەگەر بۆ دا كۆكی (تأی ید) یا وەلاٚ می پرس بەكاربێن. وەك:

من دەچم بۆ بازاڕ ← دەچمە بازاڕ. لەم كورت بونەوەیەدا ڕاناوی سەربەخۆی (من) و ئامرازی پەیوەندیی (بۆ) كرتاون، چونكە ڕاناوی لكاوی (م) و مۆرفیمی بەستنی (ە) واتای ئەوان دەگەیێنن.

٢ـ لێكدانی وشە:

---

(١) فردينان دي سوسور، علم اللغة العام، ترجمة الدكتور يوئيل يوسف عزيز، موصل، ١٩٨٨، ص٣٠.

(٢) ستيفن أولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة دكتور كمال محمد بشير، مكتبة الشباب، ١٩٧٣، ص ٦٢.

(٣) مسعود محمد، ورد بونەوە لە چەند باسێكی ڕێزمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٢١.

(٤) الدكتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢، ص١٤٧.

لێکدانی وشەش کردارێکی ترە بۆ کورتبونەوەی زمان. واتە، لە بری دو وشە کە دەکا تە دو ز نجیرە دە نگ و پچڕان لە نێوانیان هەیە، لێکدەدرێن و دەبن بە یەك زنجیرە دەنگ. وەك: برای باوك ← مام ، ژنی مام ← ماموژن / ئاموژن، ئەم ڕۆژ ← ئەمڕۆ، لە ئێرە ← لێرە، من بەردێکم لە ئەو دا ← لێمدا، من لە تۆ دەگرم ← دەتگرمێ....

٣ـ کرتانی دەنگ:

لە کاتی قسەکردندا زۆر جار دەنگێك یا پتر دەکرتێن و دەرنابڕرێن. وەك:

کارم کرد ← کارم کر، بارت برد ← بارت بر، نانی خوارد ← نانی خوار،.....

دەهێم ← دێم، دەهاوێم ← داوێم ، دەهێڵن ← دێڵن....

٤ـ لێکدانی دەنگ:

کرداری لێکدانی دەنگیش شێوازێکی تری کورت بونەوەی وشەکانە. چونکە ( هەرگیز ناکرێ واژەکان لە دۆخێکدا بمێننەوە و هیچ چارەیەك نیە و هەر دەبێ بە پێی سەردەمە جیاوازەکان پێشکەوتنێکی زۆر بە خۆیا نەوە ببینن )[١].

وەك:

و × ە ← ۆ: بوەتە مام وەستا ← بۆتە ماموستا، ئەو شەو چوەتەوە ← ئەوشۆ چۆتۆ

ە × ی ← ێ: سەیرکە ئەم پەیڕەوە ← سێرکە ئەم پێڕەوە، چواریەکی سولەیمانی ← چارێکی سولێمانی. ز یادەڕەوی تیادا ← زێدەڕۆی تێدا....

شایانی باسە کە لە کاتی ئاخاوتندا کورتبونەوەی ئەوتۆ ڕودەدا کە تۆمارکردنی بە نوسین کارێکی ئاسان نیە و جۆر و ڕێژەی کورت بونەوەکانیش لە شێوەزارێك بۆ شێوەزارێکی تر و تەنانەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ.

بەندی چوارەم ــ گۆڕانی ڕاناوە کەسیەکان لە شێوەزارەکاندا:

لێرەدا بۆ سەلماندن و پراکتیزە (تطبیق) کردنی ئەم ڕاستیانەی لە بەندەکانی سەرەوەدا هاتون، گۆڕانی یەکێ لە بەشە گرنگەکانی ئاخاوتن وەردەگرین کە (ڕاناوە کەسیەکان)ن. ئەمەش واتای ئەوە نیە، لە بەشەکانی تر گۆڕان ڕوینەداوە یا پراکتیك ناکرێ، کە لەم توژینەوەدا بواری بەراوردکردنی گۆڕانی کەرەسەکانی تری زمان نیە.

(زمان بە پێی کات دەگۆڕێ و بەم پێ یە کوردی سەدەی هەژدە و حەڤدە دەبێ لە کوردی ئەمڕۆ جیاواز بو بێت.

دەربارەی گۆڕان بە شێوەیەکی گشتی دەبێ سێ ڕاستی لە بیر نەکەین:

١ـ هەمو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نی یە ئەم گۆڕانە ڕاگرێ یان کەمی بکاتەوە یان بە تەواوی نەیهێڵێ، چونکە گۆڕان لە گەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.

٢ـ مەرج نی یە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لە ناوچون بەرێ وەك هەندێ کەسی ساویلکە باوەڕیان وابو بەڵکو گۆڕان لەوانەشە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزە پارێز بێ.

٣ـ گۆڕان بە پێ ی یاسا و دەستور ڕو دەدات و لە خۆوە و بێ سەر و شوێن نابێت. هەر لەبەر ئەمەشە کە تەنیا چەند جۆرێك لە گۆڕان لە لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەمانەش بە گۆڕانی ئاسایی دادەنرێن.

---

(١) الدکتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢، ص١٣٥.

**ئاشکرایه که گۆڕان له هەمو ئاستەکانی زماندا ڕو دەدات و (ئاستی فۆنۆلۆجی و فۆنەتیك، ئاستی مۆرفۆلۆجی، سینتاکس و سیمانتیکس) له هەر ئاستێکدا چەند شێوەیەکی گۆڕان بەدی دەکرێ**[1]. **گۆڕانی ڕاناوە کەسیەکان لە ئاستی ڕێزمانە (وشەسازی و ڕستەسازی) و بە زۆری لە ئاستی ڕستەسازی دەرەکەوێ.**

**بە پێی بەندەکانی سەرەوە دەگەینە ئەوەی لە وڵاتی کوردەواری: هەرچەندە ڕادەی شارستانیەت لە ناوچەیەك پێشکەوتوتر بێ، ڕێژەی گۆڕانی زمان زۆرترە، ڕادەی پێ شکەوتنی شارستانیەتیش پابەندە بە سەختی باری جوگرافیا، واتە، هەرچەند باری جوگرافیای ناوچەکە سەختتر بێ، هاموشۆ و تێکەڵبونی گرانترە و بەم پێیە شارستانیەتی درەنگتر دەگاتێ و لەم ڕووەوە دواکەوتوترە. بە تایبەتی لە کوردستان، چونکە ڕێگاوبانی ناوچە شاخاویەکان تا ئێستاش بە پێی پێویست نین. بە شێوەیەکی گشتی تاکو بەرەو ناوچە شاخاویەکان (باکور) بچین، ڕادەی پاراوی زمانی کوردی زۆرترە و ڕادەی گۆڕان کەمترە، بە پێچەوانەش تاکو بەرەو ناوچەی دەشتەکان (باشور) بچین ڕادەی گۆڕان زۆرترە. لە هەر ناوچەیەکیشدا ئەو ئاواییانەی کەوتونەتە سەر ڕێگاگشتیەکانی هاتوچۆ پتر گۆڕانیان بە سەر دادێ، بە بەراورد کردن لە گەڵ ئاواییە لاپەڕگەکانی هەمان ناوچە. بەم: لەبەر ئەوەی زاری ڕۆژهەڵات (هەورامانی) کەوتۆتە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و لاپەڕگە، لە زارەکانی تر کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە و لە دوای ئەو زاری باکور (بادینی) دێ، کە لە ناوچەیەکی سەختی شاخاویە، بەڵام سەرەڕێگاو کەم لاپەڕگەیە، ئینجا زاری ناوەڕاست (سۆرانی) دێ، کە لە زاری باکور و ڕۆژهەڵات پتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە و لە دوای ئەویش زاری خوارو (لوڕی) دێ، کە لە دیالێکتەکانی تر پتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە. هەڵبەتە لە هەر یەکێکیش لەم زارانە، شێوەزاری لای خوارەوەیان پتر گۆڕانیان بەسەردا هاتوە ئەگەر بەراوردیان بکەین لە گەڵ شێوەزارەکانی سەرەوەیان هەروەك لە (نەخشەی ژمارە (٥))دا دیارە. بۆیەش شێوەزاری گەرمیانی (کە لە هەندێ شوێندا دوا سنوری خواروی زمانی کوردیە) لە شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست (سۆرانی، سلێمانی، ئەردەلانی، موکری)**[2] **پتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە. کەواتە هەروەك مێجەر نۆئێل لە یاداشتنامەکانی سەردانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێ: (گۆڕانەکان پەیتا پەیتان و ئەوەی شارەزای زمانەکە بێ، تەنیا پێویستی بە ئامادەکردنی لیستێکە بۆ وشە گۆڕاوەکان)**[3]. **لە هیچ شوێنێك گۆڕانەکان بە ڕادەیەك نین زارەکان لە یەك بترازێن، چونکە (هەمو شێوەزارە کوردیەکان سیما بنەڕەتیەکانی خۆیان پاراستوە)**[4].

**ئەگەر لە زارەکانی زمانی کوردی بەراوردێکی ڕاناوە کەسیەکان بکەین و ئامارێکیان بۆ بکەین، دەبینین: تاکو بەرەو خوار بڕۆین، ژمارەیان بەرەو خوار دادەبەزێ. وەك لە خوارەوەدا دەرەکەوێ:**

**١ـ زاری ڕۆژهەڵات (هەورامی):**

---

(١) محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠، ل١١٤.

(٢) فوآد حمه خورشید، اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٧.

(٣) Noel ،E.M.، ١٩١٩ Diary of Major E.M. Noel on special duty in Kurdistan from June.١٤thtoSeptember ٢١st، Basrah، ١٩١٩، P٩.

(٤) Kurs. C.J. Edmonds، P ٧. ١٩٥٧. Turks and Arabes. London.

**له زاری ڕۆژهه‌لاّت ( هه‌ورامی )دا كه‌ره‌سه‌كان كه‌متر گۆڕانیان به‌ سه‌ردا هاتوه‌ و پتر ڕه‌سه‌نایه‌تی خۆی پاراستوه‌ و توخمه‌كان تا ڕاده‌یه‌ك وه‌كو خۆیان ماوه‌نه‌ته‌وه‌، چونكه‌ ج گه‌ له‌ سه‌ختی ناو چه‌ شاخاویه‌كه‌ی، ده ڤه‌رێكی لا په‌ڕگه‌شه‌ و ناوچه‌یه‌كی ستراتیژی ئه‌وتۆ نیه‌ كه‌ هاتوچۆی ده‌وڵه‌تانی ده‌ره‌وه‌ و ناوه‌وه‌ی به‌ سه‌ره‌وه‌ بێ، جگه‌ له‌مه‌ش تا ئێستا ڕێگاوبانی هاوچه‌رخ په‌ی به‌ زۆربه‌ی ناوچه‌كانی ئه‌و ده‌ڤه‌ره‌ نه‌بردوه‌. ( ئاشكرایه‌ كه‌ ناوچه‌ شاخاویه‌كانی كوردستانی هه‌ورامان زۆر هه‌ڵه‌ت و سه‌ختن، وه‌ پتر له‌ شه‌ش مانگ به‌فراوین و ڕێگاوباذ یان به‌ زۆر به‌ی وه خت به‌ستراون، وه‌ به‌ ده‌گمه‌ن شارێك یاخود دێیه‌ك ڕێگای ئوتومبێلی به‌ خۆیه‌وه‌ دیوه‌، ئه‌مه‌ جگه‌ له‌وه‌ی كه‌ ناو چه‌یه‌كی دارستانیه‌ و هه‌مه‌جۆر میوه‌هاتی تێدایه‌، به‌ ته‌ڕی و به‌ وشكی له‌ سه‌ری ده‌ژین. دانیشتوانی ناوچه‌كانی هه‌ورامان به‌ پیشه‌سازی ده‌ستیه‌وه‌ خه‌ریكن و هه‌ندێكیشیان مه‌ڕومالاّت دارن. لام وایه‌ سه‌رت سوڕ بمێنێ ئه‌گه‌ر بڵێین تا سه‌ره‌تای چه‌رخی بیسته‌میش، وه‌ ئێسته‌ش له‌ زۆر ناوچه‌دا، شتی بێگانه‌ ناكڕێت و ناخور یێت و له‌ به‌ر ناكر یێت، وه‌ تاكو ئێستاش، جگه‌ له‌ هه‌ورامانی عیراق، به‌ تاك و ته‌را قوتا بخانه‌ ده‌بینی له‌ هه‌ورامانی ئێرا ندا. بێ گو مان له‌ گه‌ڵمایت، ئه‌گه‌ر بڵێم ئه‌م جۆره‌ دوره‌ په‌رێزیه‌ سروشتی یه‌ پارێزگاری زمانی كردوه‌، وه‌ زۆر زۆر كه‌م و شه‌ی بێگا نه‌ی قه‌رز كردوه‌ )[1]. ئه‌مانه‌ش هه‌موی وایكردوه‌ ڕاده‌ی تێكه‌ڵی له‌ گه‌ڵ ده‌وروبه‌ر كه‌متر بێ و ته‌وژمی شارستانیه‌تی كه‌م پێ گه‌یشتبێ و ده‌ره‌نجام زاره‌كه‌یان به‌ ڕه‌سه‌نی و پاراوی مابێته‌وه‌. ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌ ناگه‌یێنێ، هیچ گۆڕاذ یێك له‌و زاره‌دا ڕوینه‌داوه‌، چونكه‌ ( پێویست ناكا وا دابنێین، ئه‌و شتانه‌ی له‌ كۆندا له‌ زمان هه‌بون، ده‌بێ ئێ ستاش هه‌بن. ئه‌ گه‌ر ئێستا بتوانین تێبینی ئه‌و گۆڕانانه‌ بكه‌ین كه‌ له‌ ماوه‌ی پتر یا كه‌متر له‌ شێست یا هه‌شتا ساڵی ڕا بوردو له‌ ز مان ڕویانداوه‌ بكه‌ین كه‌ ئێستاش به‌رده‌وام له‌ گۆڕاندایه‌. به‌لاّم چۆن ده‌توانین بزانین كه‌ له‌ دێرین ندا چی گۆڕاوه‌ ؟ )[2].**

**ئه‌گه‌ر به‌راوردی كه‌ره‌سه‌ زمانیه‌كانی ئه‌و زاره‌ بكه‌ین له‌ گه‌ڵ زاره‌كانی تر ده‌بینین، له‌م زاره‌دا له‌ هه‌مو زاره‌كانی تر كه‌متر كه‌ره‌سه‌ گۆڕاون. ته‌نانه‌ت له‌ دابونه‌ریته‌ كۆمه‌لاّیه‌تیه‌كانی شدا، ئه‌م ناو چه‌یه‌ پتر مۆركی ڕه‌ سه‌نایه‌تی كورده‌واریان پاراستوه‌ و شێوازی خۆپارێزیه‌كه‌ش له‌ زمان و ده‌ربڕیندا ڕه‌نگی داوه‌ته‌وه‌، چونكه‌ ( زمان و و شه‌ی ز مان ئاوێنه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی كۆمه‌ڵ و مرۆڤن به‌ هه‌مو هه‌ست و نه‌ستێكه‌وه‌ )[3].**

**هه‌رچه‌نده‌ له‌ زاری ڕۆژهه‌لاّتدا بیروڕای جیاواز ده‌رباره‌ی ژماره‌ی ڕاناوه‌ كه‌سیه‌كان هه‌ن، به‌لاّم هه‌مویان له‌ سه‌ر ئه‌وه‌ كۆكن كه‌ ژماره‌یان له‌م زاره‌دا[4] له‌ هه‌مو زاره‌كانی تر زۆرترن و له‌ هه‌مو زاره‌كانی تر كه‌متر گۆڕانیان به‌ سه‌ردا هاتوه‌، ته‌نانه‌ت له‌ هه‌ندێكیان ڕه‌گه‌زی نێر و مێ جیاكراونه‌ته‌وه‌. وه‌ك له‌م خشته‌یه‌ی خواره‌وه‌دا دیاره‌[5]:**

---

**( ١ ) محه‌مه‌د ئه‌مین هه‌ورامانی، ته‌ماشاكردنێكی سه‌رپێیی زاری سۆرانی و زاری هه‌ورامی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، به‌شی دوهه‌می به‌رگی دوهه‌م، به‌غدا، ١٩٧٤، ل ١٢٤.**

**(٢) HENRY CECIL WYLD، THE GROWTH OF ENGLISH، LONDON، ١٩٤٢، P ١١.**

**( ٣ ) د.نه‌سرین فه‌خری، په‌ره‌سه‌ندنی واتای وشه‌ و ده‌وری له‌ ده‌وڵه‌مه‌ندكردنی زماندا، گۆڤاری كۆلێجی په‌روه‌رده‌، زانكۆی به‌غدا، ژماره‌ ـ ٢ ـ، ١٩٧٨ـ١٩٧٩، ل٦٤٤.**

**( ٤ ) مهاباد كامل عبدالله، كار له‌ كرما نجی ی خوارو هه‌ورامی دا، نامه‌ی ماجستێر، به‌شی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سه‌لاّحه‌ددین، ١٩٩٦، ل٥٢.**

**( ٥ ) فه‌ره‌یدون عه‌بدول محه‌مه‌د، چه‌ند لایه‌نێكی ڕسته‌سازی زاری هه‌ورامی، نامه‌ی دكتۆرا، به‌شی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سه‌لاّحه‌ددین، ١٩٩٨، ل١٣ـ١٤.**

| ڕاناوە کەسیە جیاکان | | | ڕاناوە کەسیە لکاوەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی کەس | ڕاناوەکان | ڕەگەز | دەستەی(١) | دەستەی(٢) | دەستەی(٣) | دەستەی(٤) | دەستەی(٥) |
| یەکەمی تاك | من | هەردو | م | نێ | ا/نێ/انێ | ا | و/و |
| دوەمی تاك | تو | هەردو | ت | نی | ی | ی | ی |
| سێیەمی تاك | ئاد<br>ئادە | نێر<br>مێ | ش | ø | ∅ | ∅ | و |
| یەکەمی کۆ | ئیمە | هەردو | ما | نمێ | یمێ | مێ | مێ/یمێ |
| دوەمی کۆ | شمە | هەردو | تا | ندێ | یدێ | دێ | دێ/یدێ |
| سێیەمی کۆ | ئادێ<br>ئادیشا | هەردو<br>هەردو | شا | نێ | ێ | ێ | ا |

لەم ڕستانەی خوارەوەدا هەندێ لەو ڕاناوانە بەکارهاتون:

ئاد منش نویستە بێنێ. ئەو( نێر ) منی نوسیبو.

جە هیزیۆن هەرمانە مەکەرۆ. لە دوێنێوە کارناکات.

ئادە بە شمەش وات کتێبەکە نەورەشیێبێ. ئەو( مێ ) بە ئێوەی وت کتێبەکە نەفرۆشابو.

وەشڵەی ئاد ئیمە و ئادیش نویستیبیێنێ خۆزگە ئەو( نێر ) ئێمە و ئەوانی نوسیبا.

موسای موسا. ئێستە ئەوان دەنون.

ئادشا ( نە )بیەن بە تەلەبێ. ئەویان ( نە )بوە بە قوتابی[1].

بەم پێیە: لە زاری هەورامیدا هەشت ڕاناوی کەسی سەربەخۆ ( جیا )مان هەیە و پێنج دەستە ڕاناوی کەسی لکاومان هەیە. ئەمەش لە هەمو زارەکانی تر زۆرترە.

٢ـ زاری باکور ( کرمانجی ژورو / بادینی ):

ئەگەرچی ناوچەی باکور، باری جوگرافی لە ڕۆژهەلات زۆر ئاسان تر نیە، بەڵام هۆی گۆڕانی زارە کە پتر دەگەڕێتەوە بۆ زۆرتری ڕادەی تێکەڵبون و کەمتر دورەپەرێزی لە گەڵ دەوروبەر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیژیەتی کەوتگەی جوگرافی ئەو دەڤەرە. ( کوردناسەکان بۆیان ڕون بۆتەوە زمانی کوردی زۆر شێوەی ڕێزمانی پاراستوە، ئەگەرچی لە ڕوی ئەو مێژوە درێژەی پێیدا تێپەڕیوە زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتوە )[2]. ئەگەر ژمارەی ڕاناوە کەسیەکانی زاری باکوریش بەراورد بکەین لە گەڵ زارەکانی خوارو تر، وەك زارەکانی ناوەڕاست و خوارو، دەبینین: ژمارەیان لەم دیالێکتە زۆرترە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەختیی خاکەکەی لە ڕوی جوگرافیەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی درەنگتر و

---

(١) عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی بون و هەبون لە کوردیدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠، ل١٣٠.

(٢) پرۆفیسۆر ك.ك.کوردۆییێف، ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی دکتۆر کوردستان موکریانی، هەولێر، ١٩٨٤، ل٣١.

کەمتر شاڵاوی شارستانیەت بگاتە ئەو ناوچەیە و دەرەنجام پاراوی خۆی پتر پاراستوە و کەمتر گۆڕانی بە سەردا هاتوە. (زمان پڕ بە پێستی واتاکەی و بە پێ ی ڕەویە و ڕەوشت و پێویستی چەرخ و باو و برەوی، شان بە شانی دۆخەکانی پێشکەوتنی ئەو خەڵکەی کە بە کاری دەهێنن و گفت و گۆی پێ دەکەن، دەبێ لە ئاڵ و گۆڕدا بێ و زمانێکی زیندو و نەمەییو بێ... وەختێ زمان، لە دۆخی خۆی مایەوە و گەشەی نەکرد و پەرەی نە سەند و لە گەڵ چەرخ و پێویستی یەکانی ڕۆژانەی ژیان نەسوڕا، بێ گومان ئەو زمانە مردوە، مەییوە، وەستاوە،... چونکە خەڵکی نی یە بەو زمانە قسە و گفت و گۆ بکەن)[1]. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە هیچ زار و زمانێك نیە لە گۆڕانێکی بەردەوا مدا نەبێ، بەڵام ڕێژەی ئەو گۆڕانە پابەندە بە ڕادەی پێشکەوتنی شارستانی و ئەویش لە کوردەواریدا پابەندە بە باری سەختی جوگرافی و زۆر هۆکاری تر. کەواتە دەرەنجام ناوچەیەك لە ناوچەیەکی تر پتر گۆڕانی زمان بە خۆیا نەوە دەبینن. بەم جۆرە: لە زاری باکوردا ژمارەیەکی زۆر لە ڕاناوە کەسیە لکاوەکان نەماون و تەنانەت لە پێنج دەستە، یەك دەستە ماوە، بەڵام لە لایەکی تر ژمارەی ڕاناوە سەربەخۆکان (جیاکان)ی زۆرترە و لە بری دەستەیەك دو دەستە ڕاناوی جیا هەیە و دیسان لە کەسی سێیەمی تاکدا مۆرفیمی نێر و مێی لە گەڵ ڕاناوەکە پاراستوە. وەك لەم خشتەیەی خوارەوە دەرەکەوێ[2]:

| ژمارە | کەس | ڕاناوی جودا - دەستەی یەکەم | ڕاناوی جودا - دەستەی دوەم | ڕاناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| تاك | ١ | من | ئەز | م |
| | ٢ | تە | تو | ی |
| | ٣ | و(ی/یێ) | ئەو | Ø |
| کۆ | ١ | مە | ئەم | ین |
| | ٢ | وە | هون | ن |
| | ٣ | وان | ئەو | ن |

لەم نمونانەی خوارەوەدا هەندێ لەو ڕاناوانە دەردەکەون:

من شۆل کر. ئەز تە دبینم.

تە ئەز ژ بۆ وان کوشتم. تو من ژ بۆ وان دکوژی.

وی ئەو ژ بۆ مە کڕی. ئەو وێ دخازت.

مە هۆزانەك بۆ جڤاتا ڕاگەهاندێ پ ڕێ کری. ئەم پێشمەرگێ وەلاتین، بو سەرفرازیێ هاتین.

---

(١) محەمەد ئەمین هەورامانی، کوردواتەنی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٤، بەغدا، ١٩٧٧، ل١٨.

(٢) د.وریا عمر أمین، ڕێزمانی ڕاناو لە کرمانجی ژورودا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی کورد))، بەرگی بیست و یەکەم و بیست و دوەم، بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٥٢.

وه مالا میللەتی بری. هون مرۆییێد خودان هزر و تێگەهشتین.
وان گۆتە تو: هش بە. ئەو زەڤیا خو دکێلن.

**٣ـ زاری ناوەڕاست ( کرمانجی ناوەڕاست / سۆرانی ):**

زاری ناوەڕاست ( کوردەکانی عیراق لە رۆژهەلاتی ( دیجلە )و باکوری رۆژهەلاتی چیای ( حەمرین ) لە نێوان ( زێی گەورە )و ( سیروان )و کوردەکانی ئێران لە باشوری شاری ( ورمێ ) تا سنە قسەی پێ ئەکەن )[1] و لە ڕوی جوگرافیەوە لە زارەکانی ژور خۆی ( ڕۆژهەلات و باکور ) ئاسانترە، واتە، بەرز و نزمی کەمترە و کەشەکەی هێمنترە، هەروەها تۆری ڕێگاوبانی لە ژورو زۆرتر و باشتر و ئاسانترە، ئەمەش وایکردوە: کاروانی شارستانیەت زو تر و زۆر تر بگا تە ئەو ناوچانە و لە ئەنجامدا ڕێژەی گۆڕانی زارەکە لە زارەکانی سەرەوە زۆرترە و بڕی کورت بو نەوە لە هەر سێ ئاستە سەرەکیەکەی زمان ( دەنگ و وشە و ڕستە ) پترە. زاری ناوەڕاستیش لە سەرەوە بەرەو خوارەوە لەم شێوەزارانە پێکهاتوە: ( موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی )[2]. گومان لەوەدا نیە ڕێژەی گۆڕانیش لە نێوان ئەم شێوەزارانەدا دیسان سەربەرەوخوار بە پێی سەختی جوگرافی و ڕادەی شارستانی دەگۆڕێ. بۆیە دەبینین: زمانەکە لەو دەڤەرەدا پتر کورت بۆتەوە ( مرۆڤ دکێشا پێش ڤەچونا خوەدە گاڤ بۆ گاڤێ ژ بۆ سڤك کرنا بارێ دڵ یاداری یێ خوە ل بزاڤا دەستەسەکرن و نخاندنا دەوروبەرێ خوە گرێ ددت. وەناکت چ ژ بەر لە پان ڤورتال بت بلا حەرکی زمان ژی بت. زمان ژی وەك ئاشکەرایە خاسیەنەکا شارستانی یە، رەوشت و تیتال و راڤێژێن جڤاکی و پێکا شارستانیەت و هشمەندی یا مللەت کارەکی مەزن لێ دکن. چ پێشکەفتن و گوهۆرینا بسەر دەراڤێن ژێ گۆتیێ دە بێت ل زمانێ ملەتی ب خوەژی دەردکەڤت. ئەڤە ژی هندێ دگەهینت کو ساخلەمی یا زمانی و شەنگە دارێتن ب هندێ نایێ ل دو پەیڤێن کێم ل کار و باڤ مری بگەرن. شێوازێ ئەردگر و دارێتنا چێتر ئەدە کو یا پەیڤ سڤك و کورت ڤەبڕ و تێر ڕامان بگرت، چونکو زمان مینا هەر خاسیەتەکا شارستانی بەربەر سڤکی یێ ل خوە وەرد پێچت )[3]. بەم جۆرە ڕاناوە کەسیەکان ژمارە یان کەمتر بۆتەوە و تا ڕادەیەکی زۆر ڕاناوە جیاکان ( سەربەخۆکان ) بە کار نایێن[4]، مەگەر بۆ وەلامی پرس و جەخت کردن نەبێ، وەك:

من دەچم بۆ بازاڕ ← دەچمە بازاڕ.
پ: کێ دەچێ بۆ بازاڕ ؟
و: من دەچم بۆ بازاڕ.
پ: تۆ دەچیە بازاڕ ؟!!
و: بەڵێ من دەچمە بازاڕ.

( ١ ) کمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نوسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژمارە( ٤ )، بەغدا، ١٩٧١، ل١٨.
( ٢ ) فؤاد حمه خورشيد، التوزيع الجغرافي للهجات اللغة الكردية، المجلد )٣( العدد )٢( مجلة المجمع العلمي الكردي، بغداد، ١٩٧٥، ص٦٢٣
( ٣ ) ئیسماعیل تاها شاهین، رەوشا هەر زمانەکی سڤکی یە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە( ١٠٦ )، بەغدا، ١٩٨٥، ل١١٦.
( ٤ ) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، پێناسەی ڕستەی سادە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا( ٢ )، هژمار( ٦ )، دهۆك، ١٩٩٩، ل٧٥٦.

بەکارنەهێنانی ڕاناوە جیاکانیش دەگەڕێتەوە بۆ بونی ڕاناوێکی لکاوی دەستەی ڕێککەوتن کە لە کەس و ژمارەدا لە گەڵ ڕاناوە جیاکان ڕێك دەکەوێ[1].

ژمارەی ڕاناوە کەسیەکان لە زاری ناوەڕاستدا لەم خشتەیەی خوارەوە دەرەکەوێ[2]:

| ژ | کەسەکان | ڕاناوی جیا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | ڕاناوی لکاوی خاوەنی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەمی تاك | من | م | م |
| ٢ | دوەمی تاك | تۆ | ی | ت |
| ٣ | سێیەمی تاك | ئەو | سفر( ∅ ) | ی |
| ٤ | یەکەمی کۆ | ئێمە | ین | مان |
| ٥ | دوەمی کۆ | ئێوە | ن | تان |
| ٦ | سێیەمی کۆ | ئەوان | ن | یان |

لەم نمونانەی خوارەوەدا هەندێ لەو ڕاناوانە دەردەکەون:

منم منم من منۆکێ، کێ خواردویە کاریلەی من،
دو چاوم هەیە بز بزۆکێ بێتە شەڕە جەنگی من
ئەی ئەو کەسەی دەتـــپەرستـم و لێـم ونــی تۆ خودا نـیــی، تۆ خۆشەویستی منی
ئەو کوڕ بو∅ ،سەرەڕای ئەوەش دەسدار بو∅ نا پاکی کردەوەی دور لە پرسیار بو∅
بە دەستوری گەل بەڵام ئاخ ئەجەل
ئازادی خوای کوردین ئێمە شورای پۆڵاو بەردین ئێمە
سڵاوتان لێ ئەکەن هەمو لە ئێوە و لە گردی سەیوان
لە ئێوە و لە کێل و مردو لە گزنگ و لە ئەرخەوان
هاتن شەهیدان بە جلی سوری خوێنەوە دایکی وەتەن، دەهەڵسە∅ سڵاویان بسێن∅ەوە

٤ـ زاری باشور ( کرمانجی خوارو / لوڕی ):

ئەم زارەش ( لە باکورەوە، هەر لە ڕێگا گشتی یەکەی نێوان قە سری شیرین و ـ کرماذ شا و ـ مەلا یەرەوە، بیگرە، بەرەو باشور کشاوە تا دەگاتە کەناراوەکانی باکوری خۆر هەڵاتی کە نداوی عەرەب )[3] و دوا زاری خواروی کوردستانە و لە دەڤەری ئەم زارە لە ناوچەکانی تری کوردستان تەختترە لە ڕوی جوگرافیەوە[4] و لە هەمو شیان پتر

---

( ١ ) دکتۆر وریا عمر أمین، ڕێکەوتن لە زماندا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە( ٩١ )، بەغدا، ١٩٨٢، ل١٦.

( ٢ ) عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، مۆڕفیمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥، ل١٨٩، ١٩٨.

( ٣ ) فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی ـ دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٦٣.

( ٤ ) فؤاد حمە خورشید، لرستان الاقلیم الجنوبي من کردستان ایران، مجلة( رؤذي کوردستان ) العدد( ٦٦ )، بةغداد، ١٩٨٤، ص٩-١٤.

تێکەڵن لە گەڵ عەرەب لە ڕۆژهەڵات و لە گەڵ فارس لە ڕۆژاوا. ئەمەش ئەوە ناگەیێنیٚ کە بەرز و نز می هەر ذ یە، چونکە ( تا سەدەی سیازدەهەم، بەشێك بو لەو ناوچەیەی کە عەرەب بە ناوچەی شاخاوی ناو دەبرد )[1]. بەڵام بە هۆی دۆڵ و دەشتە وشك و برینگەکانی و کەمی ڕێگاکانی هاتوچۆ تا ڕادەیەکی زۆر نیمچە دابڕاون ( حکو مەتی ئ ێران لە ساڵی ١٩٣٦دا بڕیاری دا کە یەکەم ڤیرتاو بە ناو لوڕستاندا بکاتەوە، تا مەرامی سەربازیی خۆی لە دژی کوردەکان جیٚ بە جیٚ بکات )[2] و ڕێژەی شارستانییان ناگاتە ڕێژەی ناوەڕاست، بە تایبەتیش چونکە بەردەوام ناوەڕا ست مەڵبە ندی شارستانی و کارگێڕی کوردستانی خوارو بوە و کەمتر فشاری داگیرکەرانی کۆن و نوێی لە سەر بوە و بەردەوام بە درێژایی مێژو لە هەردو دیوی ئێران و عێراق هەوڵی جینۆسایدیان داون. وەك مارتن مارتینۆس لە نامەی دکتۆرا کەی بە ناوی ( باری شێخ و ئاغاکان ) دەڵیٚ: ( عەباس شای ئێران لە ساڵی ١٦٢٩ کۆ مەڵێکی زۆری لە خێ ڵە کوردە کانی ناوچەی لوڕستان دەربەدەر و ئاوارە کرد و شا نادریش لە ساڵی ١٧٤٧ مەرگە ساتەکەی دو بارە کردەوە )[3]، هەروەها ڕەزاشا و شاهنشا محەممەدی کوڕی لەم بارەیەوە درێغییان نەکرد. لە دیوی عێراقیش دۆخیان باشتر نەبو. ج گە لە چەوساندنەوە و بە عێراقی دانەنانیان، هەر لە گەڵ هەڵگیرسانی جەنگی شومی قادسیە لە ساڵی ١٩٨٠ زۆربەی کوردە فەیلیەکانیان ئاوارەی ئێران کرد و تائێستاش ئاواییە لوڕنشینەکان دوچاری ڕاگوا ستن و بە عەرەبکردن و گۆڕینی ڕەگەزنامەی نەتەوەیی خۆیان دە بن. ئە مەش کارێکی وای کردوە ج گە لە بەردەوامی تە سکبونەوەی سنوری کوردنشینەکان، گۆڕانی پتری زارەکە ڕوەو عەرەبی لە عێراق و ڕوەو فارسی بۆتەوە. بۆ نمو نە ج گە لەوەی تەنیا دەستەی ڕێککەوتن ( م، ی، ∅، من، ن، ن ) لە گەڵ کاردا بە کاردا دیٚ، بەکارهێنانەکەش شێوەی عەرەبی وەرگر توە. وەك لەم نمونەیەدا دیارە[4]:

| زمانی عەرەبی | زاری ناوەڕاست | زاری باشور |
|---|---|---|
| كان لـدي عصفورة | چۆلەکەیەکم هەبو | مەلیچگیٚ داشتـم |
| كنت أحبها كثيرا | زۆر خۆشم دەویست∅ | فرە دۆسی داشتم |
| قطعت رأسها، وضعـتـها في الحفرة | سەرم بڕی∅، نامە چاڵ | سەری بڕیم، نا نمەی چاڵ |

لەم زارەدا ڕاناوە جیاکان بە دەگمەن بەکاردێن، مەگەر وەکو ناوەڕاست تەنیا بۆ وەڵامی پرس یان جەختکردن بەکاربێن. ڕاناوە لکاوەکانیش تەنیا دەستەی ڕێککەوتن لە گەڵ کار بەکاردێن و دە ستەی خاوەنیش تەنیا ڕۆ ڵی خاوەنی دەبینن. وەك لەم خشتەیەدا دەردەکەویٚ:

---

( ١ ) زبیر بلال اسماعیل، مێژوی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف روووف علی، بەغدا، ١٩٨٤، ل١٠٩.

( ٢ ) فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی ـ دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمەکەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤٩.

(٣) M.M.Van Bruinessen، Agha ، Shikh & State، ١٩٦٨،.٢٢٠-٢١٥ P

( ٤ ) د.کامیل حەسەن بەسیر. د.کوردستان موکریانی. سادق بهائەددین ئامێدی. حەمەئەمین هەورامی. کتێبی پرۆگرامی زارە کوردی یەکان. پۆلی یەکەم، بەشیکوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٧، ل٨٢.

| ژ | کەسەکان | ڕاناوی جیا | ڕاناوی لکاوی ڕێککەوتن | ڕاناوی لکاوی خاوەنی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەمی تاك | مە / م | م | م |
| ٢ | دووەمی تاك | تن / تو | ی ( د ) | د |
| ٣ | سێیەمی تاك | ئەو | سفر( Ø ) | ی |
| ٤ | یەکەمی کۆ | ئیمە | یـ( مـ )ـن | مان |
| ٥ | دووەمی کۆ | ئیوە | ن | دان |
| ٦ | سێیەمی کۆ | وان | ن | یان |

لەم نمونانەی خوارەوەدا هەندێ لەو ڕاناوانە دەردەکەون:

| زاری باشور | زاری ناوەڕاست |
|---|---|
| نان خواردم | نانــم خوارد |
| کار کردی | کارت کرد |
| پوڵەگە بداشتاین،ماڵەگە ئەسەنین | پارەمان هەبوایە، خانوەکەمان دەکڕی |
| ئەرای ڕیش هاتیمن، سوێڵمان نایمن وە بانی | بۆ ڕیش هاتین، سمێڵمان لە سەر دانا |
| ماڵ ماڵیانە و مەردم جەنگ وەلیان کەن | ماڵ ماڵی خۆیانە و خەڵك شەڕیان پێ ئەفرۆشن |
| سەرد نەچێ کڵاو فریەسەØ | سەرت نەچێ کڵاو زۆرەØ |

کەواتە دەرکەوتوە، ( زمان هۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆیە لە نێوان مرۆڤ لە ڕێگەی واژە و دەنگە دانراوە باوەکان کە واتا دەگەیێنن و دەگۆڕێن بە گۆڕانی سەردەم و گە ـلەکان و ـبە شار ستانیەتی نەتەوە ـکەی و سیـ ستەمەکانی و نەرێتەکانی و باوەڕ و لایەنەکانی کاریگەر دەبێ. هەر پەرەسەندنێك ـلەم لایەنا ـنە ڕو ـبدا، ـلە ز ـمانیش ڕە ـنگ دەداتەوە )[1]. ئینجا بە پێی زانستی زمانی مێژویی ئەو گۆڕانانەی بە سەر شێوەزارە کوردیەکاندا هاتون، دەریدە ـخەن کە لە دێریندا کورد لەو ناوچەیە بوە و بونی کورد لەو ناوچەیەدا پێش گەلانی دراوسێ بوە، بەتایـ ـبەتی عەڕەب و تورك، چونکە ( زانستی زمانی مێژویی Historical Linguistics لێکۆڵینەوەیە ـلە پەرە سەندن و گۆڕینی ز ـمان ـبە تێپەڕینی کات و ڕێگە و هۆی ئەم گۆڕینانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێ و دۆزینەوە و دەسنیشانکردنی ـئەو هۆیا ـنەی ـکار ئەکەنە سەر زمان و ئەیگۆڕن. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ئەبێ لە سەر بیناغەی پێ شاندانی لایە ـنە ـلە ـیەك چو و جیاوازەکانی هەمان زمان یا شێوە لە دو یان چەن قۆناغێکی جیاواز دامەزرابێ )[2]. گومان لەوەدا نیە، دانانی سەردەم بۆ گۆڕانی زمان کارێکی زۆر ئەستەمە، بە تایبەتی بۆ زمانێکی وەك کوردی، چونکە سەر چاوەکانی پێش ئایینی

---

( ١ ) احمد خورشيد النورةضي، مفاهيم في الفلسفة والاجتماع، بغداد، ١٩٩٠، ص٢١٥.

( ٢ ) دکتۆر وریا عمر امین، زانستی زمان چی یە؟، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ( ٨٨ )، بەغدا، ١٩٨١، ل٣١.

ئیسلام گشتی لە ناو چون و دوای ئەوەش تا یەك دو سەدە لەمەوبەر هیچ نوسراوی کوردیمان بەدەستەوە نیە، تاکو بتوانین قۆناغەکانی گۆڕان دەستنیشان بکەین، ( وا دەردەکەوێ لە ڕێی ( استقراء )ەوە مانەوەی زمانی کوردی بە بێ نوسین بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، وایکردوە ئەو دەستورانەی لە یەکدی نزیکن تێکەڵ بە یەکدی ببن و یەکیان لە جێی ئەوی دی بەکاربێ. هەڵبەت ئەمەش شتێکی سەیر نیە، بەڵکو ڕونەدانی سەیرە )[1]. ئەم گۆڕانەی لە شێوەزارەکاندا ڕویداوە، بەڵگەی ئەوەن کە ڕۆژگارێکی زۆر بەسەر کوردیی ئەو ناوچانەدا تێپەڕیوە، تاکو ئەو هەمو گۆڕانانە هاتونەتە ئارا، وەك: ( ئەکادیمیك ڤلادیمێر گێورگیێڤ ئەم پێڕەوانەی دۆزینەوەی پلە بنەڕەتیەکانی مێژوی زمان ئەخاتە بەر چاو، کە سروشتی جاروبار لە پلە دانانی مێژوی زمانە ئەدەبی یەکاندا ڕەنگ ئەدەنەوە.

١ـ سەردەمی بنەڕەتی یا ( چۆنێتی )ی تازە لە مێژوی فلان زماندا ئەبێ لە سەر بناغەی ڕێکخستنی کاتی هەرە گۆڕینی سروشتی و جەوهەری سنوری بۆ دانرێن.

٢ـ سەردەمی بنەڕەتی لە ٣ ــ ٤ سەدە کەمتر ناگرێتەوە.

٣ـ لە نێوان سەردەمە بنەڕەتیەکاندا پلەی گواستنەوەی زمان لە مەودای ١ ـ ٢ سەدەدا جێگەی خۆی هەیە.

٤ـ ئەو سەردەمانەی لە پلەی دوەمدان ( لە ناو پلە دابەشکردن )دا لە سەر بناغەی نیشانەی جەوهەریی زمان دەست نیشان ئەکرێت.

٥ـ گۆڕین لە ڕوی مەرفۆلۆژیاوە بایەخی زۆرتری هەیە لە گۆڕین لە مەیدانی فۆنەتیك و وشە دروستکردن و ڕێزماندا، ئەمەی دواییانیش گرنگترە لە وشەی فەرهەنگ، گۆڕینی بناغەی فەرهەنگ نەبێ.

٦ـ لە ڕێڕەوی هەمو زمانێك دا لەوانەیە گۆڕین تابڵێیت درێژە بکێشێت. سەرەتاکەی لە پلەی گواستنەوەش دا دەبینرێ تەنانەت زوتریش دیارە، بەڵام ئەنجامی جەوهەری دەبێ ڕوبەڕو لە سەرەتای سەردەمی تازەدا بێت و گۆڕینی لەگەڵ ئەودا گونجاویش بریتی یە لە یەکێك لەو نیشانانەی سروشتی ئەون و سەردەمی نوێش لە سەر بناغەی ئەو دەست نیشان ئەکرێت.

٧ـ ڕەنگە سەردەم دانان هەمو گەشەسەندنی زمانێك بگرێتەوە، یا ڕوخسارێکی ئەدەبیی گونجاو ( زمانی ئەدەبی... ) دەست نیشانی بکات.

٨ـ ئەبێ سەردەم دانان بە پێی ڕێو شوێنی گشتی نەبێت، بۆ هەر زمانەش جیاواز بێت، گوێ بدرێتە خاسیەتی، ئەمەش بە نزیکترین پێوەندی یەوە ببەسترێت بە مێژوی ئەو گەلەوە کە قسەی پێ دەکات )[2]. هەڵبەتە هەمو شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە هەمو ئەو قۆناغ و سەردەمانەدا تێپەڕیون، کە گۆڕانکاریەکانیان هێناوەتە ئارا، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر شێوەزارە هاوسنورەکانی زمانەکانی تردا هاتون، لە شێوەزارەکانی تر زۆرترن، ( فۆرمی بنەڕەتیی یاسای ناوەکیی پێشکەوتنی کەرەستەی زمان بریتییە لە یاساکانی فۆنەتیك و پرۆتسێسەکانی وشەسازی. ئەم پێشکەوتنەی یاسا و دەستورەکانی زمان لە لێکۆڵینەوەی بەراوردیی مێژویی زماندا دۆزرایەوە و لە قاڵبی زانستی دا نیشان درا. گۆڕانی مێژویی پێوەندی بە گشت ڕوبێکی سیستەمی زمان، دەنگەکان، پێکهاتنی

---

( ١ ) مەسعود محەمەد، وردبونەوە لە چەند باسێکی ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤، ل٤١ـ٤٢.

( ٢ )ڤ.ڤ.ڤینۆگرادۆف، مەسەلەکانی زمانی ئەدەبی و یاسای دروستبونی و گەشەسەندنی، وەرگێڕانی د.عیزەدین مستەفا.بەغدا.١٩٩١.ل٤٩ـ٥٠.

ڕێزمانی، وشەکانی زمانەوە هەیە. لە گەڵ تێ پەڕبونی ڕۆژگاردا ئەو گۆڕانانە جێ یان د یار دە بێ)[1]. هەر چەندە ( زمانی کوردی زێتر گۆڕانی بەسەردا هاتوە، وەك کورت بونەوەی وشە، تێکدانی بزوێن، کەم کردنەوەی گەردان کردن، زمانی پاشگوی وشە داڕێژەر، نەمانی کاری سادە و گۆڕینیان بە کاری یار مەتی دەری جۆراو جۆر)[2]. ج یاوازیی ئەم گۆڕانکاریانەی نێوان زارە کوردیەکان، دەگەڕێتەوە بۆ پتری ڕادەی کارتێکردنی هۆیەکانی گۆڕان کە لە بە ندەکانی سەرەوە باس کران لەو ناوچەی شێوەزارەکان. ( زمان و گەل، یاخود گەل و زمان هاوتەمەن و و هاو بەخت و هاوڕۆح و هاوگیانن، هیچ کامیان لەوی تریان بەدەر نی یە، لە بەر ئەمانە ڕواڵەتی مێژویی زمان و هینی گەل بە یەکەوە چۆش دراون ـ هەر لە بەر ئەوەشە، ئەگەر ویسترا بەسەرهات و دۆستایەتی و ئاڵوگۆڕی باری ئابوری کۆمەڵا یەتی گەلێ بزانی، یەکێ لەو ڕێگایانەی کە دەت گەیێنێتە ئاوات و ئامانج گرتنی ڕێگای لێکۆڵینەوەی مێژویی وشەیە )[3].. چونکە ( مرۆڤ بە تەبیعەتی حاڵ ئەیەوێ بە ئاسانترین شێوە و بە کورترین ماوە ئەو بیرە بگەیێنێ. لە بەر ئەم هۆ یە لە قسەکردندا قسەکەر ئەو وشانە بەکارئەهێنێ کە واتای بیرەکەی بە زۆری کەوتوەتە سەر وە ئەو و شانەی کە فرێ ئەدرێ هیچ لە واتاکە ناگۆڕێ. واتە قسەکەر ئاگای لە بیسەرەکانی کەیە کاتێ قسر ئەکا. لێرەدا بیسەر و ق سەکەر هەردوکیان ئەزانن کام وشە ئەگەر نەوترا ئەوا واتاکە هەر وەکو خۆی ئەمێنێ و بیرە کە نا ئاڵۆزێ ( Encoding and Decoding system) لە بەر ئەم هۆیە زمانی قسەکردن ڕێزمانی تایبەتی خۆی هە یە (Discourse Grammar) و لەگەڵ ڕێزمانی نوسیندا جودایە )[4]. لەم نمونانەی خوارەوەشدا چەند گۆڕانێکی شێوەزاری گەرمیان شێوەزارەکانی تر ئەو ڕاستیە دەردەخەن:

١ـ نەمانی ( ی )ی ئامرازی پەیوەندی:

| شێوەزاری هەولێر | شێوەزاری گەرمیان |
| --- | --- |
| ئاوی سارد ناخۆمەوە. | ئاو سارد ناخۆم. |
| دەچمە ماڵی خاڵم. | دەچمە ماڵ خاڵۆم. |
| داری وشك شین نابێتەوە. | دار وشك سەوزەوە نابێ. |

٢ـ نەمانی نیشانەی نێر و مێ ( یا دۆخ ).

| شێوەزاری هەولێر | شێوەزاری گەرمیان |
| --- | --- |
| چومە ماڵی ئازادی خزمی ماڵی نەسرینێ. | چومە ماڵ ئازاد خزم ماڵ نەسرین. |
| سوێند دەخۆم بە خوای، بە قوڕئانێ. | سوێندەخۆم بە خوا، بە قوڕئان. |
| گۆڕە پانی تۆپا نێ دەکەوێ تە تەنـ شت مەکتەبێ | گۆڕە پان تۆپانە دەکەوێتە تەنشت مەکتەب. |

---

( ١ ) ڤ.ی.کۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسکی، سەرەتاییکی زماناسی، وەرگێڕانی میدیا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ١٧٧.

( ٢ ) ك.ك.کوردۆییێف،ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی د.کوردستان موکریانی،هەولێر ١٩٨٤،ل٩.

( ٣ ) مەسعود محەمەد، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا، ١٩٧٨، ل٥٧.

( ٤ ) غازی فاتح وەیس،دەنگەکانی ( ل ) وە ( ڕ،ر ) لە ژێر تیشکی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا،گۆڤاری زانکۆ،بەرگی( ٨ )،ژمارە( ٢ )،سلێمانی،١٩٨٢،ل٩٦.

جگە لەمانە دیارترین گۆڕان کورتبونەوەی ڕاناوەکانە لەم شێوەزاری گەرمیاندا، چونکە سەرەڕای بەکار نەهێنانی ڕاناوە جیاکان وەکو شێوەزارەکانی تر تەنیا بۆ جەخت کردن نەبێ، ڕاناوە کەسیە لکاوەکانیش لە ڕابوردودا دە ستەی ڕێککەوتنیان (م، ی، ∅، ین، ن، ن) نەماوە و لە ناو چوە و لە بری هەردو دەستەکە (ڕێککەوتن و خاوەنی) بە زۆری دەستەی خاوەنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) بەکاردێ. واتە، دەستەی خاوەنی لە گەڵ ڕابوردوی کاری تێنە پەڕ و تێپەڕ بەکاردێ: بۆ نمونە بەراوردی ئەم ڕستانە بکە، لە گەڵ زارەکانی تری ناوەڕاست:

| شێوەزاری گەرمیان | شێوەزارەکانی تری ناوەڕاست |
| --- | --- |
| چومان بۆ گەرمیان | چوین بۆ گەرمیان |
| ئەم شەو باش خەوتــتان ؟ | ئەم شەو باش خەوتن ؟ |
| کارەکەم بۆت کرد | کارەکەم بۆ کردی |
| نامەکەی بۆم نوسی | نامەکەی بۆ نوسیم |
| نهێنیەکەمان بۆتان پاراست | نهێنیەکەمان بۆ پاراستن |
| لێفەکەت پێماندا دا | لێفەکەت پێدا داین |
| پێیانم وت ....... پێمیان وت | پێم وتن ...... پێیان وتم |
| دیاریەکانتان بۆیان نارد | دیاریەکانتان بۆ ناردن |

## بەشی دوەم

## (هۆکارەکانی دروستنەبونی زمانێکی ستانداردی کوردی)

### پێشەکی:

زمانی ستاندارد ئەو شێوە زمانەیە کە لـــە دامودەزگا فەرمیەکان و خوێندنی قوتابخانەکان و زانکۆکاندا بەکاردێ و لە بۆنە فەرمیەکاندا وتاری پێ دەخوێنرێتەوە.

دەربارەی دروستبونی زمانی ستاندارد، میکانیزمێکی دیارکراو نیە بۆ پەیڕەوکردنی. بۆ نمونە، لە عەرەبیدا بە هۆی کاریگەریی ئیسلام و پیرۆزیی کتێبی قورئان، شێوەزاری خێڵی قورەیش بو بە زمانی ستانداردی عەرەبی.

شێوەزاری (دەری) لە کۆتایی سەردەمی ساسانیەکان لە پایتەختی ئێران بەکاردەهات و جیاوازیی تەواوی لەگەڵ پەهلەوی هەبو، بەڵام بە هۆی قەڵەمڕەوی فەرمانداری و دەسەڵاتی سەربازیی و بەکارهێنانی لە کاروباری میریدا، بو بە زمانی ستانداردی فارسی. بە شێوەیەکی تر، بەرهەمە شاکارەکانی شکسپیری کەڵەنوسەری ئینگلیز بون بە هەوێنی تێکەڵبونی زارەکانی لاتینی و ئینگلۆسەکسۆنی و دواتر بون بە زمانی ستانداردی ئینگلیزی، کە ئێستا پتر ٧٥٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا قسەی پێ دەکەن و تەنیا نزیکەی ٢٥٠ ملیۆنیان بە ڕەسەن ئینگلیزن.

بەم پێیە پێوەرێکی گشتگیر نیە بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد و زۆربەی زمانە ستانداردەکانیش بوار و زەمینەی جیاوازیان بۆ ڕەخساوە بۆ دروستبونیان.

**بەندی یەکەم: هۆکارەکانی دروستنەبونی زمانی یەکگرتوی کوردی یان ستانداردێکی سەرتاسەری زۆرن. لەوانە:**

**١ـ مانەوەی هۆکاری جوگرافی:** تا ئێستا زۆربەی ناوچە جوگرافیەکانی کوردستان لەیەك دابڕاون و بە هۆیەکانی کواستنەوەی زەمینی و ئاسمانی بەیەکەوە نەبەستراونەتەوە. تا ئێستا ڕێگاوبان و شەقامی قیرتاو بە پێی ستانداردی ئەندازیاری لە نێوان زۆربەی ئاواییەکانی کوردستان نیە، تەنانەت ئەوەندە ڕێ و شەقامە باریکانەی لە زۆربەی ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، بەتایبەتی باشوری کوردستان دروستکراون، جادەی سەربازین و ڕژێمی شۆڤێنیزمی بەعس بە نیازی دەستبەسەراگرتنی بزوتنەوەکانی ئازادیخوازی و فڕکردنی کورد لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان دروستی کردون بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی شومی قادسیەی نێوان عێراق و ئێران. تا ئێستا هێڵی شەمەندەفەر لە کوردستان هەر بونی نیە. تا ئێستا زۆربەی ئاواییەکان بە هۆی دۆڵ و ڕوبار و خەرەند لەیەك دابڕاون. تا ئێستا پردێکی گونجاو لەسەر زێی سەرو، ناسراو بە زێی بادینان نیە، کە هەردو دیالێکتی سەرو و ناوەڕاستی لەیەك دابڕیوە.

لە لایەکی تر، ئەگەرچی زۆربەی ناوچە شاخاویەکانی هەمو پارچەکانی کوردستان پڕن لە هاوینەهەوار و شوێنی گەیشتیاری و شوێنەواری دێرین، بەڵام حکومەتە دکتاتۆرەکانی کوردستان هیچ بایەخێکیان بەم شوێنانە نەداوە و ڕێگەوبان و خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دابین نەکراوە، تاکو ببنە مایەی سەردان و تێکەڵبونی پارچەکان و دیالێکتەکان. تەنانەت حکومەتی فیدراڵیی هەرێمی کوردستانیش لە باشوری کوردستان، دوای چارەکە سەدەیەك لە حوکمڕانی تا ئێستا سەرجەم ئەو لایەنانەی فەرامۆش کردوە و بگرە بە پێچەوانە، لە جیاتی دروستکرنی ڕێگاوبانی مۆدێرن و هێڵی شەمەندەفەڕ و پرد و تونێل، تێکڕای بەرپرسەکان هەریەکە بەقەدەر توانا و دەسەڵاتی خۆی زۆربەی زۆری ئەو شوێنانەیان داگیرکردوە و کردویانە بە ڤێللا و کێڵگەی تایبەتیی خۆیان.

**٢ـ مانەوە و پتربونی هۆی ڕامیاریی دەرەکی و ناوەکی:** سەرباری ئەوەی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکارییێکی ڕامیاریی بەخۆیەوە دی و هەندێ لە ڕژێمە سەرکوتکەرەکان داڕمان، بەڵام مانەوەی عەقلیەتی دکتاتۆریی کە لە سایەیدا ئەو گەلانە پەروەردە کرابون، هەروەها عەقلیەتی ئاینگەرایی ئیسلامیی و قۆڕخکردنی لە پێناو چەواشەکردنی بیری دیکتاتۆری کۆمەڵگاکانی ئەو ناوچەیەی پتر بەرەو سەرگەردانی و لێکترازان برد. لە هەر چوار پارچەی کوردستانیش بە ڕێژەی جیاواز و جۆراوجۆر کاریگەریی ئەو گۆڕانکاریانە دەبینرێ. ئەوەی پتر گرفتەکەی ئاڵۆزترکرد، ڕژێمە نوێیەکان ڕوێکی تری دیکتاتۆرییان دەرخست و ئاینی ئیسلامیان کرد بە بیانو بۆ چەواشەکردن و ئازادنەکردنی کورد و کورستان، بە بیانوی ئەوەی کوریش گەلێکی موسوڵمانە و بە دروستکردنی چەندین حیزبی ئاینی بەناو ئیسلام دیسان هەندێ لایەنگریی ڕژێمە نوێکانیان پەیدا کردەوە. لە لایەکی تریش بەردەوامی سنورە دەسکردە نێودەوڵەتیەکانی کوردستان نەك هەر مانەوە، بەڵکو توندتر کران، لە ترسی تێکەڵبونەوە و هاوکاریی پارچەکان بۆ یەکتر و پەرەسەندنی بیری جیابونەوە و ئازادیخوازی لە سەراپای کوردستان. دراوسێ داگیرکەرەکان هەر بەوەوە نەوەستان، بەڵکو تێکڕای حیزبە کوردیەکانیشیان کرد بە گژ یەکدا و بەدەگمەن دو حیزبی کوردی دەدۆزیتەوە، شەڕی یەکتریان نەکردبێ، ئەمانەش هەمو بونە هۆی لەیەك دابڕان و دورکەوتنەوەی زار و شێوەزارەکان و دروستکردنی دژەکاردانەوەی دەرونی و زەحمەتکردنی کرداری دروستبونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوی کوردی.

تێکڕای پارتە ڕامیاریەکانی کوردستان، لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان بە گشتی و لە باشوری کوردستان بەتاییەتی، دریغییان نەکرد لە دژایەتیی کردنی یەکتر و تەنانەت چەندین جار کار گەیشتە ڕادەی شەڕی یەکتر و بێ ژومار لاوی کوردیان بە دەستی یەکتر بەکوشت دا. تەنانەت گەیشتە ڕادەی دروستبونی دو حکومەت و دو ناوچەی زەرد و سەوز لە باشوردا. کە تا ئێستاش ئەو دژایەتی یەکترکردنە لە نێوان پارتەکانی هەر چوار پارچە و پارتەکانی ناوخۆی یەك پارچەش بەردەوامە، بۆ نمونە، پارتی، یەکێتی، پەکەکە، گۆڕان، پەیەدە، پژاك، ئیسلامیەکان....هتد. ئەم دژایەتیکردنانە، کۆمەڵگای کوردییان پارچە پارچە کرد و دژەکردانەوەی دەرونی لە هەر پارچەیەك دژی پارچەکەی تر پەیداکرد، بەتاییەتی دوا ئەوەی ئەنجامی هەمو شەڕ و ناکۆکیەکان بە ڕێککەوتنێکی ئاشتبونەوە کۆتایی دەهات و دەردەکەوت کە شەڕەکان هەمویان لە پێناو بەرژەوەندیی تاییەتی و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی بون نەك لە پێناو بەرژەوەندیی خاك و نەتەوە. ئەوەبو لە ئەنجامدا نەك هەر پارچەکان پتر لەیەك دابڕان، بەڵکو پارچەی نوێش پەیدابون و ناوچە دابڕاوەکانیش کەوتنە ئەگەری مان و نەمان.

دوای دروستبونی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ململانێی پارتەکان لەسەر سامانی وڵات و بانگەشەی دیموکراسی و هەڵبژاردنەکان، دروستبونی زمانی ستانداردی کوردی پتر بەرەو هەڵدێر برد، بەوەی هیچ پارتێکی دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات بوێری ئەوەیان نەکرد توخنی ئەو بابەتە بکەون و هەوڵی یەکلاکردنەوەی بدەن، نەبادا بڕیارێك و بڕیارەکەیان ئەگەر ڕاستیش بێ، ببێتە هۆی زویربونی دەڤەرێك لە هەردو دەڤەری ناونراو بە سۆران و بادینان، کە دەرەنجام ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی ڕێژەی دەنگهێنانیان لە دەڤەرە زویربوەکە.

لە لایەکی تریش، بونی دەیان میدیا و گۆڤار و ڕۆژنامەی جیاواز لە کوردستان بە گشتی و باشوری کوردستان بە تاییەتی، کە هەر پارتەی بەتاییەتی هەردو پارتە دەسەڵاتدارەکەی باشور ( پارتی و یەکێتی ) خاوەنی چەندین کەناڵی میدیایی نوسراو و بینراو و بیسراون و زمانێکی ستانداردی یەکگرتو بەکارناهێنن و بەرەو دو ستانداردی دەچن.

### ٣ـ نەبونی ئەلفوبێیەکی یەکگرتوی کوردی[١]:

لێرەدا پێش بونی زمانی ستاندارد، گرفتێکی گەورەتر لە ئارادایە، ئەویش ئەوەیە، ئایا کورد بە زمانی خۆی دەخوێنێ و دەنوسێ؟ هەڵبەتە ئاشکرایە، جگە لە باشوری کوردستان، پارچەکانی تری کوردستان تا ئێستا ئەو مافەیان پێ نەدراوە، خەباتکردن بۆ وەرگرتنی ئەو مافە پێش خەمی ئەوە دێ کە چۆن و بە چ شێوەیەك بنوسن و بخوێنن.

گومان لەوەدا نیە، گرنگترین بنەمای هەر نەتەوەیەك زمانە، بەڵام لە ناو کورددا زمانی کوردی هۆی هەرە سەرەکی مانەوەی نەتەوەی کوردە و مانەوە و لەناونەچونی گەلی کورد بەندە بە مانەوە و پاراستنی زمانی کوردی[٢].

---

١ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. بە کام ئەلف و بێ بنوسین؟. تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی. ١٩-٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١. هەولێر. ل٧٨-١١١.

٢ باسی داستانە پڕ سەروەریەکانی کورد کەوتنە لاپەڕەکانی مێژو و باسی سنورە کۆنەکانی کوردستان کەوتنە لاپەڕەکانی جوگرافیا. با ڕاگەیاندن هەر هاوار بکا هەمەدان (ئەگباتان) پایتەختی ئیمپراتۆریەتی میدیا بو و کەرکوك (دڵ) یان (قودس)ی کوردستانە، بەڵام ئەمڕۆ داتاکان و ئامارەکان ڕۆلی یەکلاکەرەوە دەبینن و لەسەر بنچینەی ڕێژەی کوردەکان لە هەر بستە زەوییەکی کورد بە موڵکی خۆی دادەنێ، بڕیاردەدرێ کە ئەم شوێنە کوردستانە یان نا. ئەمەشە وای لە داگیرکەران کردوە هەمو جۆرە سیاسەتێك پیادە بکەن بۆ توانەوەی کورد و هەمو هەوڵێك دەدەن بۆ بە عەرەبکردن و تورککردن و فارسکردن.

سەربارى نەبونى ستانداردێكى سەرا پا لە زمانى كورديدا كە هەمو دياليكتەكان پێى ڕازيبن، ئەلفوبێيەكى يەكگرتوشى نيە. هەندێكيان بە ئەلفوبێى هاوشێوەى عەڕەبى و هەندێكيان بە ئەلفوبێى هاوشێوەى لاتينى دەنوسن، گرفتەكە لەوەش گەورەترە، كە لەسەر ژمارە و جۆرى پيتەكانى هەريەك لەو ئەلفوبێيانەش هاوڕێكنين[1].

كەتوارى كورد ئەوەى بەسەردا سەپاندوە، لە دابەشبون و پارچەبون ( پشكى شێر )ى بەركەوتوە. كورد لە ڕوى زمان و خاك و سياسەت و ....هتد پارچە پارچە بوە، هەر پارچەيەكيش خۆى بە پەسەندتر دەزانێ و ملكەچى پارچەيەكى تر نابێ. لە هەمويان مەترسيدارتر پارچەبونى زمانە و يەكخستنەوەى زمانيش لە هەمو لايەنەكانى تر گرانترە.

هەڵبەتە زمان پێكدێ لە ( دەنگ ) و ( واتا ) و تاكە دەنگەكان جياكەرەوە و تێكڕاش هەڵگرى واتاكانن، هەمو زار و زمانەكان لە واتاكان جياوازيى ئەوتۆيان نيە[2] و ئەوەى لە يەكيان جيادەكاتەوە دەنگەكانن. كەواتە،نزيككردنەوە و يەكخستنەوەى دەنگەكان، كە لە نوسيندا بە پيت خۆيان دەنوێنن[3]، ئاسانترين و گرنگترين قۆناغى سەرەتايە بەرەو نزيككردنەوەى دياليكتەكان و يەكەم هەنگاو دەبێ بەرەو دروستبونى زمانى ئەدەبيى يەكگرتو.

لێرەدا پرسيارێك دێتە ئارا: ئايا لە نێوان بونى دو ئەلفوبێى نوسين و بونى جياوازى و گرفتى زۆر لەناو خۆياندا و لە نێوانياندا، دەرفەت دەدەن بە كەلێنێكى نزيكبونەوە يان يەكخستنەوەى سەرجەم شێوازەكانى نوسين؟

لە وەڵامدا دەڵێين، بەڵێ، بەو مەرجەى هەمو پارچەكان دەست لە پەسەندى و پيرۆزيى لايەنى خۆيان هەڵگرن و خاڵە جياوازەكان لابدەن و بخەنە لاوە و تەنيا كار لەسەر ئەو خاڵانە بكەن كە تيايياندا هاوبەش و هاوڕێكن. واتە، بگەڕێنەوە بۆ ڕەسەنايەتيى زمانى كوردى نەك زار و شێوەزار، ئەو پيتانە بەكاربێنن كە لەسەريان كۆكن و پيتە كێشەدارەكان فەرامۆش بكەن و ئاسانترين فۆڕم و كەمترين ژمارەى پيتەكان بەكاربێنن. ئەمەش ڕێگە لەبەردەم نزيكبونەوە و يەكخستنەوە و تەنانەت فێربونى منداڵى كورديش ئاسان و واڵا دەكا.

سەربارى كێشەى نەبونى زمانى ستانداردى كوردى و دابەشبونى زمانى كوردى بەلاى كەمەوە بەسەر چوار دياليكتى سەرەكى،كورد لە كێشەى نەبونى ڕێنوسێكى يەكگرتوش ڕزگارى نەبوە.ئەگەرچى وتار و نوسينى زۆر لەم بارەيەوە نوسراون[4]، بەڵام زۆربەيان لە خەمخۆرى نوسەرەكانيان هەست و بۆچونى تايبەتى خۆيان بەكارهێناوە بۆ چارەسەرى ئەو گرفتانە و ڕێژەيەكى كەميان پێوەرەكانى زانستى زمانيان بەكارهێناوە، پتر پشتيان بە

---

١ تۆفيق وەهبى لە ساڵى ١٩٢٩ ژمارەى پيتە كورديەكانى بە ( ٤١ ) پيت داناوە، لە ساڵى ١٩٣٣ كردويەتى بە ( ٣٨ ) پيت. سەعيد سيدقى كابان ( ٣٧ ) پيتى بۆ كوردى دەستنيشانكردوە. ئێرنست مەكارەس پيتەكانى كوردى بە ( ٤٢ ) پيت داناوە.

٢ وشەى ( گوڵ ) و ( وردە ) و ( Flower ) هەمان واتان بەڵام دەنگەكانيان جياوازن.

٣ ( وەك ئاشكرايە ( دەنگ ) لە ڕێگاى ئەندامەكانى ئاخاوتنەوە دەرجەبرڕێت و بە هۆى بيستنەوە هەستى پێ دەكرێ. ( پيت ) وێنەى دەنگە، بە نيشانە لە نووسيندا دياركراوەو بەهۆى بينينەوە وەردەگيرێ. ) ( د. ئەوڕەحمانى حاجى مارف  گيروگرفتەكانى ڕێنووسى كوردى بە ئەلفوبێى عەرەبى گۆڤارى كۆرى زانيارى عيراق "دەستەى كورد"، ب ٩، ١٩٨٢، ل١٦ ).

٤ بڕوانە ( گۆڤارى كۆرى زانيارى عيراق "دەستەى كورد"، ب ٩، ١٩٨٢ ) كە تايبەتە بەم گرفتەى زمانى كوردى.

لاساییکردنەوەی ئەلفوبێی عەرەبی بەستوە. زۆربەیان (فۆن و فۆنێم[1]) یان (دەنگ[2] و پیتیان) لەیەك جیانەکردۆتەوە[3]، بۆیە هەندێ پیتی سەربارییان بۆ نوسینی کوردی زێدەکردوە و لە ئەنجامدا گرفتێکی گەورەیان بۆ ئەلفوبێی کوردی دروستکردوە و بە سڕینەوەی ئەو پیتانە لەسەر بنەڕەتێکی زانستی زۆربەی گرفتەکان چارەسەردەبن.

لەم ڕۆژگارە ناسك و هەستیارەی نەتەوەی کورد پیایدا تێدەپەڕێ، کە پارچە پارچەیی هەمو لایەنەکانی خاك و زمان و ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتیی گرتۆتەوە، زۆر پێویستی بە هەنگاو و کرداری خۆنەویستانە و هەماهەنگی و یەکانگیریە. پێویستی بە وەلانانی خاڵە ناکۆك و کێشەدارەکانە و تێکەڵبونەوەیە لەسەر بنەڕەتی خاڵە هاوبەش و بێگرفتەکان.

سادەترین و ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی، ئەو ئەلفوبێیەیە کە کەمترین ژمارەی فۆنێم یان پیتی هەبێ و پیتی کێشەدار و بە گرفتی تێدا نەبێ. هەروەها بە جۆرە پیتێك بنوسرێ کە لای هەمو ئەندامانی نەتەوەکە ناسراو بێ و لای هیچیان نامۆ نەبێ و سیما و ئەدگاری جیهانی پێوەبێ، ئەویش پیتەکانی هاوشێوەی لاتینین، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەکاری دەهێنن یان پێی نامۆ نین.

کەواتە لەسەر ئەو دەرەنجامە دەتوانین لیستی ((ئاسانترین ئەلفوبێی کوردی)) بەم شێوەیە ڕێکبخەین:

| ژ | پیت | pyt | nmwne | nmwney řsta |
|---|---|---|---|---|
| ١- | ە | e | ewan, were, derewe | emřo ewen hatne êre. |
| ٢- | ا | a | aw, mastaw, awarekan | awarekan geřanewe. |
| ٣- | ب | b | bax, berdbaran, nayab | baran debarê, ba bĉyne jwrewe. |
| ٤- | پ | p | perdax, kepr, top | perdaxêky př awm bo bêne. |
| ٥- | ت | t | trê, temate, awat | êsta katy temate w trêye. |
| ٦- | ج | c | cwceÎe, cêbecêkrdn, bac | le cejny hacyyan cly cwan depoŝyn. |
| ٧- | چ | ĉ | ĉaw, kewĉk, xaĉ | ĉayxaney ĉawy ĉawm ĉay xoŝy heye. |
| ٨- | خ | x | xwda, xwrma, bax | bo ŝkandny řojw xwardny xwrma xêre. |
| ٩- | د | d | dar, berd, bax | Dary azady be xwên aw dedrê. |
| ١٠- | ر | r | trê, petate, serdan | pêrê ĉwme serdany braderany hewlêr. |
| ١١- | ڕ | ř | êřbaz, přêew, peř | topêky westa řeceb le řwandz mawe. |
| ١٢- | ز | z | zozan, zryze, řez | zozan zryzeyeky zřêy le ml krdbw. |

١ (فۆنێم بەو دەنگانە دەوترێ کە لە زماندا وشە پێکدەهێنن و بە گۆڕان و لاچوونیان واتا دەگۆڕن). (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف  گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی  گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق "دەستەی کورد"، ب ٩، ١٩٨٢، ل١٧).

٢ ("دەنگ" لە ڕێگای ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێت و بە هۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێ. "پیت" وێنەی دەنگە، بە نیشانە لە نووسیندا دیارکراوەو بە هۆی بینینەوە وەردەگیرێ). (هەمان سەرچاوە، ل١٦).

٣ ("فۆنێم" لە "دەنگ" گرنگترە، چونکە جیاوازی دەخاتە نێوان وشەوە. هەمو فۆنێمێك دەنگە، بەڵام هەمو دەنگێك فۆنێم نیە.). (هەمان سەرچاوە، ل١٧).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| (jnekey krd be jwany jwjkan.) pendy kwrdy | jwan, jwjk, kej | j | ژ | -١٣ |
| (sery leber hataw spy krdwe.) pendy kwrdy | sêw, dersym, aras | s | س | -١٤ |
| ŝeŝ honrawey peŝêwm xwêndewe. | ŝew, peŝêw, ŝeŝ | ŝ | ش | -١٥ |
| (pŝtt sefyn bê tf le asn ke.) pendy kwrdy | fênk, sefyn, kef | f | ف | -١٦ |
| (qazancy qerec le geȓandaye.) pendy kwrdy | qerec, qerebw, boq | q | ق | -١٧ |
| kerkwk dΐy kurdstane. | kwrd, kerkwk, bwk | k | ك | -١٨ |
| pêŝmerge bergry le gely xoy deka. | gelawêj, bergry, merg | g | گ | -١٩ |
| lale w lempe hawwatay yektrn. | lawaz, kwlle, serpel | l | ل | -٢٠ |
| gwÎaÎe w bêxaÎ  xuŝky ŝamaÎn. | gwÎaÎe, qeÎew, samaÎ | Î | ڵ | -٢١ |
| merywan mywey bo mn hêna. | mywan, ŝamaÎ, ŝerm | m | م | -٢٢ |
| newroz cejny kurdane. | newroz, penyr, saman | n | ن | -٢٣ |
| behre w herêm hawêȓy hawarn. | hewaÎ, behre | h | ه | -٢٤ |
| (xwa le swÎtan mehmwd gewretre) p. k. | wrya, tewn, xaw | w | و | -٢٥ |
| le ŝndoxa le dhok doy xoŝ heye. | omer, dehoÎ, do | o | ۆ | -٢٦ |
| ŝwan dyaryêky cwany daye bêrywan. | yary, bêrywan, dyary | y | ی | -٢٧ |
| hewlêr paytexty herêmy kurdstane. | êre, hewlêr, dê | ê | ێ | -٢٨ |

**بەم شێوەیە دەبینە خاوەنی (٢٨) پیت، کە هێشتا دو پیتی لە زمانی ئینگلیزی زیاترە، کە ئێستا خەریکە دەبێتە زمانی ستاندەری جیهانی.**

**بەندی دوەم: ئایا کورد زمانی ستانداردی هەیە؟[1]:**

**دەربارەی ئەو پارچە ئازادکراوەی باشوری کوردستان، کە بوەتە پێشەنگی پارچەکانی تر بۆ ئازادی، دەمێکە لەم پارچەیەدا، کورد بە زمانی خۆی دەخوێنی و دەنوسێ، تەنانەت زمانی وتاری سیاسی سەرکردە ناودار و بەناوبانگەکانی کوردیش بوە، وەك شێخ مەحمودی نەمر و بارزانی نەمر و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە باشور و قازی محەممەدی پێشەوا لە ڕۆژهەڵات .... و زمانی گۆڤار و ڕۆژنامە و ئۆرگانەکانی سەرجەم پارتە کوردیەکانی باشور و تەنانەت زمانی فەرمیی کۆماری مەهابادیش بوە و زمانی خوێندن و نوسینی قوتابخانەکانی باشور بوە تا ناوەڕاستی نەوەدەکان.... واتە، نزیکەی سەدەیەکە، زمانی کوردی لەو هەرێمە قۆناغێکی سەخت و گرنگی بەرەو ستانداردبون بڕیوە. دوای ڕاپەڕینیش ئەو زمانە بو بە زمانی فەرمیی حکومەت و دامودەزگا فەرمیەکان و زمانی وتاری فەرمی و وتاری سیاسی. تەنانەت ئەو سەرکردە ناودارانەی سەر بەو دیالێکتەش نەبون وەك سەرۆکی**

١ عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول. پێوەرێکی گشتگیر نییە بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد. دیمانە. ڕۆژنامەی هەولێر.ژمارە (١٨٤١). ٢٠١٤/٢/١٦. ل١٦-١٧.

هەرێمی کوردستان کاك مەسعود بارزانی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاك نێچیرڤان بارزانی سەرجەم وتارە فەرمیەکانیان بەو زمانە ستانداردە بوە، هەروەها چەندین بەرپرسی تر کە سەر بە شێوەزارەکانی تری کوردی وەك بادینی، لوڕی و هەورامی بون بەو دیالێکتە وتار و نوسینەکانیان بڵاو دەکردەوە، وەك بەڕێزان، مەسرور بارزانی، جەلیل فەیلی، مەلا بەختیار و هێمن هەورامی و... سەرباری ئەمانەش بەرزترین دەسەڵاتی هەرێم کە پەرلەمانی کوردستانە، سەرجەم دانیشتن و وتار و یاساکانی بەو زمانە ستاندەرە دەرکردوە.... کەواتە ئێستا کورد لە هەرێمی کوردستاندا خاوەنی زمانێکی ستانداردی بەهێزی کارەکیە و لە ماوەی ئەو چارەکە سەدەیەی دوای ڕا پەڕیندا تەواو سەقا کراوە و دەوڵەمەند بوە بە پەیڤ و زاراوەی نوێ و تێکەڵ لە هەمو دیالێکتەکانی کوردی، ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە ئیتر پێویستی بە دەوڵەمەندرکردن و گونجاندن نەماوە بۆ ئەوەی تەواو لەباربێ بۆ هەمو کوردستانی گەورە.

بەهێزی ئەو ستانداردە لەوەدایە، خۆیگرتوە لە بەرامبەر چەند هۆکارێکی دابەشکردن و تێکدانی وەك، شەڕی ناوخۆ و دابەشبونی هەرێم بەسەر دو ناوچە و دو بەرەی ڕاگەیاندنی جیاواز، کە هەندێ لە هەلپەرستان تا ئێستاش نانی پێوە دەخۆن، هەروەها دابڕانی پارێزگای دهۆك بۆ بەرەیەکی تر کە هەستی ناوچەگەرایی هەندێ کەس بو بە فاکتەرێکی سەقامگیرنەبونی ئەو ستانداردە و لە بری پتەوکردن و موتوربەکردن و چاکسازیی گونجاندنی، هەوڵی لاوازکردنی دەدەن و چەندین کەسی پسپۆڕ و ناپسپۆڕ، زمانەوان و نازمانەوان.... هەستی ناوچەگەرایی و بەرژەوەندیی تایبەتییان خستۆتە پێش بەرژەوەندی و ئایندەی نەتەوە.

**ئایا بەکارهێنانی دو دیالێکت لە باشوردا چ کاریگەرییەکی هەیە؟**

بەر لە هەمو شتێك بەکارهێنانی زاراوەی بادینی و سۆرانی بە ڕاست نازانرێ، چونکە بادینی شێوەزارێکە ( لهجە محلیە ) لە زاری (دیالێکتی) باکور و سۆرانیش شێوەزارێکە لە زاری ناوەڕاست. دوای ئەوە، ئەو ستانداردەی لە ناوەڕاست بەکاردێ، سۆرانی نیە و تێکەڵێکە لە هەمو شێوەزارەکانی ناوەڕاست (سۆرانی، موکری، ئەردەلانی، سلێمانی و گەرمیانی)، تەنانەت پڕە لە پەیڤ و زاراوەی هەمو زارەکانی تری باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و بەردەوام دەرگای کراوەیە بۆ وەرگرتنی کەرەسەی نوێ لەو دیالێکتانە و لە جیهانی دەرەوەش، واتە، ستانداردێکی زیندو و چالاکە و ئامادەسازی و توانستی ئەوەی تیادایە هەمو گۆڕانکارییێکی لەبار و گونجاو بگرێتە خۆی و ببێتە زەمینەیەکی بەپیت بۆ نەمامی هەمو زار و شێوەزارەکانی کوردی، هەڵبەتە ئەگەر بناغەیەك هەبێ و تێکنەدرێ و هەوڵی هەڵتەکاندنی نەدرێ، کۆشکی ستانداردی کوردی بە کەرەسەی هەمەڕەنگی هەمو ناوچەکان بەرز و باڵا و ڕەنگاوڕەنگ دەبێ.

دەربارەی بادینی، جێگەی داخە، ئەو شێوەی نوسینەی لە دهۆك بەکاردێ لە سنوری شێوەزاری بادینی دەرنەچوە و شێوەزارەکانی تری باکوری نەگرتۆتەوە، وەك: بۆتانی، جەزیری، عیفرینی، هەکاری، بایەزیدی و زازایی....، تەنانەت زازاکیەکان هەرگیز دان بەو شێوە نوسینەدا نانێن و خۆیان بە جیاواز دادەنێن. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریش من لە گفتوگۆی چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا لە بەشی کوردیی زانکۆی دهۆکدا بەشداریم کردوە، هیچ لە نوسینەکان هاویەك نین و تا ئێستا هەر قوتابییەك خەڵکی چ ناوچەیەکە (دهۆك، ئاکرێ، زاخۆ، ناوچەی سلێڤانی...) شێوەزاری ناوچەیی خۆی بەسەر نوسینەکانیاندا زاڵە و دەتوانرێ بە ئاسانی لەیەك جیابکرێنەوە.

بونی هەستی ناوچەگەرایی و نەبونی پلان دەبنە هۆی تێکدانی زمانی ستاندارد. سەیر ئەوەیە تا ئێستا لە ناو هەرێم زۆر لە منداڵە کوردەکانی دەوڵەمەندەکان لە قوتابخانە ئینگلیزی و تورکی و فەڕەنسیەکان دەخوێنن، دوای ئەوەش تا ئێستا لە پارچەکانی تری کوردستان منداڵی کورد بە فارسی و تورکی دەخوێنن و پێشتر لە باشور بە عەرەبییان دەخوێند و لە هەندەران بە زمانە بیانیەکان دەخوێنن، بۆ نابێ قوتابیەکانی بادینیش وەکو قوتابیەکانی هەورامی و لوڕی و کەلهوڕی بە ستانداردێك بخوێنن، کە زمانی کوردیە و پسپۆڕەکانیان بە هەماهەنگیی پسپۆڕی ناوچەکانی تر کتێبی قوتابخانەکان بە شێوەیەك دابڕێژنەوە کە لە بەرژەوەندیی یەکڕیزی کورد بێ و هەوڵەکان لە پێناو ڕاژەی چارەنوس و داهاتوی زمان و ئەدەبی کوردی بن. ئەگەر وا نەکرێ و بەم پەرتەوازەییە بڕوا، دەبێ قوتابیانی لوڕی بە لوڕی و کەلهوڕی بە کەلهوڕی و هەورامی بە هەورامی و ...هتد بخوێنن. بە ڕای من ئەم هەوڵانەی تێکدان و دابەشکردنی ئەو زمانی ستانداردە، کورد و زمانی کوردی بەرەو شەڕی چاڵدێرانی دوەم دەبا و ئەگەر وا بڕوا کورد دابەشی دو ستانداردی دەبا و کوردستانیش دابەشی دو پارچەی تر و بگرە زیاتریش دەبا.

**چ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کرفتە؟**

**یەکەم ـ** هەردو لای ناوەڕاست و باکور بە هەستێکی نەتەوەگەرایی، نەك ناوچەگەرایی، دەستبخەنە دەستی یەك و بە پێی پێوەر و پرانسیپە زانستی و زمانەوانیەکان هەوڵی داڕشتنەوەی کتێبی قوتابخانەکان بدەن و لیژنەکان لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزایانی ئەکادیمیی زمان و ئەدەبی کوردی و دەروونزانی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی هاوچەرخ پێکبێن و مەبەست یەکانگیری کورد و زمانی کوردی بێ نەك دیالێکتیك.

**دوەم ـ** سەرۆکایەتیەکانی هەرێم و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، بەبێ ڕەچاوکردنی سندوقەکانی هەڵبژاردن و نارەزایی ناوچەپەرستان، بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەن و هەرێم لەو مشتومڕە ڕزگار بکەن. ئەگەرچی نکوڵی لەوە ناکرێ بە شێوەیەکی کارەکی ئەمەیان کردوە و لە وتار و نوسراوە فەرمیەکان و بۆنە گشتی و فەرمیەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم سەلماندویانە کە هەرێم خاوەنی زمانێکی ستانداری فەرمیە، بەڵام بۆ نەهێشتنی فراوانبونی ئەو دەرزە پێویستی بە بڕیارێکی دابڕە بۆ بنبڕکردنی ئەو ڤایرۆسە.

**ئەکادیمیای کوردی چیکردووە چی بێدەکرێت بۆ دروستکردنی زمانی ستاندەرد ؟**

لە ڕاستیدا ئەکادیمیای کوردی، هیچ دەسەڵاتێکی نیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ناوە مەزن و پیرۆزەی هەیەتی، چونکە ئەویش کەوتۆتە ناو تۆڕی بەرژەوەندیی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و شەپۆلەکانی هەرچەند مەزن بن، لە کۆتاییدا دەگەنە کەناری دوفاقیی سیاسەتی ناو هەرێم و دەپوکێنەوە. ڕەنگە دەسەڵاتی ئەکادیمیایەکی گەورە و گران نەگاتە دەسەڵاتی کاربەدەستێکی بالا، تەنانەت هەڵبژاردنی دەستە و ئەندامەکانیش لە ژێر تیشکی کلاوڕۆژنەی ئەو سیاسەتە دەربازی نەبوە. تەنانەت هەندێ جار هەوڵە جیددیەکانی بە پێچەوانە ئاوەژوبونەتەوە.

**ڕۆلی زانکۆو بەشە کوردیەکان چیی بووە ؟**

//دەتوانرێ بوترێ، سەرجەم زانکۆ و بەشە کوردیەکان لەم ڕووەوە بە ئەرکی پێویست هەڵنەستاون و هیچ هەنگاوێکی ئەو تۆیان نەناوە شایانی باسکردن بێ، ئەگەرچی ئەوانیش هەمان پاساوی ئەوە دەیانگرێتەوە، کە وەك بەشێك لە سەرتا پای وەزارەتی خوێندنی بالا، کەوتونەتە ناو سیاسەتی دوفاقیی هەرێم و بە ئاگری سندوقەکانی

هەڵبژاردن سوتاون، بەڵام ئەوەی زیاتر گلەیی لێ دەکرێ، زانکۆی دهۆك و بەشە کوردیەکەیەتی، کە جێی داخە، هەندێ لە پسپۆڕە ئەکادیمیەکانیان و هەندێ لە نوسەرانی ئەو ناوچەیە لە جیاتی هەڵگرتنی چەکی زانستی و دەرمانی چارەسەر بۆ ئەو برینانەی خۆیان پێی بە ئازار بون، پێنوسی دوبەرەکیان هەڵبژارد و مێژوی چاڵدێرانیان دوبارە نوسیەوە، بە پاساوی نالۆجیکی و نازانستی. بۆ نمونە بۆ ئەو پاساوەی کە ژمارەی قسەپێکەرانی دیالێکتی ژورو زۆرترە، ئەوا وەکو باسکرا، ئەو شێوە نوسینەی زانکۆی دهۆك تەنیا شێوەیەکی نەمەییوی شێوەزارە ناوچەییەکانی پارێزگای دهۆکە و شێوەزارەکانی باکوری نەگرتۆتەوە. لە لایەکی تریش، پێویستە نکوڵی لەوە نەکرێ، ئەگەر خودا یار بێ و هەمو کوردستانی گەورە ڕزگاربێ، هەرگیز نابێتە دەوڵەتێکی یەکگرتو، بەڵکو دەبێتە چەند هەرێمێك، یان دەوڵەتە یەکگرتوەکانی کورد. ئەوەتا کورد هێشتا ڕزگار نەبوە لەسەر کۆنگرەیەکی یەکگرتو ڕێکناکەون، چۆن لەسەر دەوڵەتێکی یەکگرتو ڕێکدەکەون؟ هەروەك دەبینین، لە کەتوار (واقع)ی ئەمڕۆماندا چەندین ساڵە هەرێمی خۆمان نەبوە بە هەرێمێکی یەکگرتو و هەر حیزبەی لە ناو خۆیدا دەوڵەت و شانشینێکە، ئیتر چۆن هەمویان لەسەر دەوڵەتێکی یەکگرتو و یەك زمانی ئەدەبی یەکگرتو ڕێکدەکەون؟ ئەوەتا ئێمە لەم هەرێمە بچوکە دەمانەوێ ئەو ستانداردەی هەیە تێکی بدەین، ئیتر چۆن ستاندارد بۆ هەمو کوردستان دابنێین؟.

**تا ئێستا چی کراوە بۆ دروست بوونی زمانی ستانداردی کوردی؟ چی نەکراوە دەبوو تا ئێستا بکرایە؟**

لە دوای دوپارچەبونی هەرێمی کوردستان و ڕەوتی دوبەرەیی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەر هەوڵ و کۆششێك درابێ بۆ چەسپاندنی زمانی ستانداردی کوردی، ئەگەرچی هەمو هەوڵەکان بە مەبەستێکی پاك و دڵسۆزانە دراون، بەڵام بە پێچەوانە شکاونەتەوە و ئەو زمانی ستانداردەی هەبو شکستی پێ هێنراوە و هەندێ ناوچەپەرستی دەڤەری بادینان لەجیاتی پڕکردنەوەی کەموکوڕیەکان و چارەسەرکردنیان، هەوڵی سڕینەوەی سەرلەبەری ئەو ستانداردەیان داوە و هەوڵەکانیان ئاوەژوکردۆتەوە.

چی بکرایە، باش بو؟ دەبوایە، پەرلەمان لە بری مشتومڕ لەسەر هەندێ کێشەی لابەلا، هەر لە زووەوە ئەو بابەتەی بە جیددی خستبایە بەرایی کارنامەی ئەرکەکانی و بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لەم بارەیەوە دەرکردبا.

**کێ بەرپرسە لە نەبوونی تاکە زمانێکی ستانداردی کوردی، بەتایبەت لە بەشی باشووری کوردستان؟**

هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم، سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی حکومەت بەرپرسن لە نەبونی زمانی ستانداردی کوردی، چونکە زمانەکە هەبوە و هەیە و تەنیا پێویستی بە بڕیارێکە بۆ چەسپاندنی و گەشەپێدانی. بۆ مێژوش ئەوە دەڵێم، هەر ئەوانەش لە دوارۆژدا بەرپرس دەبن لە دابەشبونی ستانداردی کوردی و دەرەنجام هەمو کورد و کوردستان. چونکە زمان تەوەرەی سەرەکیی بون و مانەوەی هەر نەتەوەیەکە.

## (ئەنجامەکان)

١ـ زمانی کوردیش وەك هەر زمانێك لە هەر سات و شوێنێکدا بوبێ بەردەوام لە گۆڕاندا بوە و پەرەی سەندوە.

٢ـ گۆڕانی زمانی کوردیش وەك سەرجەم زمانەکانی تر ڕوەو ئاسانی دەربڕین و کورتبونەوە چوە.

٣ـ کورت بونەوەی زمانی کوردی بە زۆری لە چوار ڕێگەوە بوە: کرتانی دەنگ و وشەکان و لێکدانی دەنگ و وشەکان.

٤ـ ڕادەی کورت بونەوەی زمان لە هەر زار و شێوەزارێکا لە سەر ڕادەی ئا ستی شار ستانیەتی وە ستاوە. ڕادەی شارستانیەتیش پتر پابەندی تێکەڵبونی ئەو ناوچەیەیە لە گەڵ دەوروبەری، تێکەڵیش پابە ندی ڕادەی کاریگەری هۆیەکانی دەرەوەیە، کە بریتین لە هۆی: جوگرافی، ڕامیاری و دەرونی.

٥ـ جگە لە هۆیە دەرەکیەکان، هۆیە ناوەکیەکانیش ڕۆ ڵی کاریگەر دەبینن لە کورت بو نەوەی زمان، هۆیە دەرەکیەکانیش بریتین لە: سنورداری کات بەگشتی و سنورداری تواناى مرۆڤ بۆ قسەکردن و بیستن (تێگەیشتن) و بە تێپەڕبونی کاتیش پێویستی قسەکردن زۆر دە بێ و لە ئەنجامدا زمان بە نا چاری کورت دەبێتەوە. هەیە ناوەکیەکانیش لە هەمو زار و زمانێکدا نەگۆڕن.


٦ـ لە ئەنجامی جیاوازی ڕادەی کارتێکردنی هۆیە دەرەکیەکانی گۆڕان، ڕێژەی کورت بونەوە لە زاری ڕۆژهەلات کەمترە و لە باکور زۆرترە و ئینجا ناوەڕاست و دوایش خوارو لە هەمویان زۆرترە.


٧ـ گۆڕانە زۆرەکان پتر لەو ناوچانە ڕویداوە کە هاونشینن لە گەڵ گەلانی دراوسێ (عەرەب، تورك، فارس یان ڕوس).

٨ـ ڕامیاریی دەرەکی هۆیەکی کاریگەریی هەبوە لە دابڕین و پارچەکردنی کوردستان و پتر دابەشکردنی زمانی کوردی و یەکنەگرتنەوەیان و دروستنەبونی زمانی ئەدەبی یەکگرتو.

٩ـ ڕامیاریی ناوخۆ بەتایبەتی دوای ڕاپەڕینی باشوری کوردستان و پتربونی ژمارە پارتە کوردیەکان و میدیای حیزبی و بەرژەوەندیی حیزبی کاریگەریی سەرەکیی هەبوە لەسەر تێکدانی ستانداردی پێش ڕاپەڕین و هەنگاونان بەرەو دو ستانداردی.

١٠ـ هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم، سەرۆکایەتیی هەرێم و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی حکومەت بەرپرسن لە نەبونی زمانی ستانداردی کوردی لە باشوری کوردستان.


کەرکوک
سلێمانی
چوارتا
کەلار
خانەقین
بەعقوبە
کفری
دوبز
تورخورماتو
پێوەری نەخشە: ١/١،٠٠٠،٠٠٠
((٢))


کیتی سۆڤیەت
دەریای قەزوین
تورکیا
زازا
بایەزیدی
هەکاری
بۆتانی
شەمدینانی
رۆژ ئاوا
بادینانی
موکری
سۆرانی
سلیمانی
ئەردەلانی
گەرمیانی
گۆرانی
لەکی
کەلهوری
لوری رەسەن
بەختیاری
کوهگلو
مامەسانی
ئێران
عیراق
سوریا
دەریای سپی
کەنداوی عەرەب
دابەش کردنی جوگرافیایی دیالێکتە
ناوچەکردەکانی زمانی کوردی
٤٠ ٢٠٠ ١٠٠ ... ١٠٠٠ کم
فوئاد حەمە خورشید
((٦))

# ( سەرچاوەکان )

**١ـ بە زمانی کوردی**


١ـ ئیسماعیل تاهاشاهین، رەوشا هەرزمانەکی سڤکییە، گۆڤاری رۆشنبیری نویٚ، ژمارە( ١٠٦ )، بەغدا، ١٩٨٥

٢ـ برهان قانع، فەرهەنگی نویٚ، بەغدا، ١٩٨٥

٣ـ تارا عەبدوڵلا سەعید، هەندێك لایەنی ڕێزمانی زاری فەیلی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٨

٤ـ د. جمال رشید أحمد، لیٚ کۆلێنەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژوی ولاتی کوردەواری، بەغدا، ١٩٩٨، ل ٥٩

٥ـ زبیر بلال اسماعیل، مێژوی زمانی کوردی، وەرگێڕانی یوسف رووف علی، بەغدا، ١٩٨٤

٦ـ د. شێرکۆ بابان، نەخشەی رۆنانی رێژەی کار، هەولێر، ١٩٩٩

٧ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٥

٨ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، پێناسەی ڕستەی سادە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، پەربەندا( ٢ )، هژمار( ٦ )، دهۆك، ١٩٩٩.

٩ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. مێژوی شێوەزاری گەرمیان. گۆڤارا زانکۆیا دهۆك. پەربەندا ( ٥ ). هژمارا ( ١ ). ئەلول ٢٠٠٢. ل ١-٢٨.

١٠ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. بە کام ئەلف و بیٚ بنوسین؟. توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی زمانی کوردی. ١٩-٢٢ی ئەیلولی ٢٠١١. هەولێر. ل٧٨-١١١.

١١ـ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول. پێوەرێکی گشتگیر نییە بۆ دروستبونی زمانی ستاندارد. دیمانە. رۆژنامەی هەولێر. ژمارە ( ١٨٤١ ). ٢٠١٤/٢/١٦. ل١٦-١٧.

١٢ـ عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی بون و هەبون لە کوردییدا، نامەی ماجستێر، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٠

١٣ـ غازی فاتح وەیس، دەنگەکانی (ل، لْ)وە( ڕ، ر ) لە ژێر تیشکی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی دا، گۆڤاری زانکۆ، بەرگی( ٨ )، ژمارە( ٢ )، سلێمانی، ١٩٨٢

١٤ـ فەرەیدون عەبدول محەمەد، چەند لایەنێکی ڕستەسازی زاری هەورامی، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٨

١٥ـ فوئاد تاهیر سادق، هۆشیاریی زمانەوانی، سلێمانی، ١٩٩٩

١٦ـ فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، وەرگێڕانی حەمە کەریمی هەورامی، بەغدا، ١٩٨٥

١٧ـ ڤ.ڤ.ڤینوگرادووڤ،مەسەلەكانی زمانی ئەدەبی و یا سای درو ستبونی و گەشە سەندنی، وەرگێڕا نی دوكتور:عیزەدین مستەفا ڕەسولّ، ،بەغدا،١٩٩١

١٨ـ ڤ.ی.كۆدۆخۆڤ و ئا.ئا.ڕیفۆرماتسكی،سەرەتاییێكی زمانناسی،وەرگێڕانی میدیا، سلێمانی،١٩٩٨

١٩ـ د.كامیل حەسەن بەسیر.د.كوردستان موكریانی.سادق بهائەددین ئامێدی.حەمەئەمین هەورامی.كتێبی پرۆگرامی زارە كوردی یەكان. پۆلی یەكەم،بەشیكوردی،كۆلێجی ئاداب،زانكۆی سەلاّحەددین،١٩٨٧

٢٠ـ كمال فوئاد،زاراوەكانی زمانی كوردی و زمانی ئەدەبی و نوسینیان،گۆڤاری زانیاری،ژمارە(٤)،بەغدا،١٩٧١

٢١ـ پرۆفیسۆر ك.ك.كوردۆییێف، ڕێزمانی كوردی، وەرگێڕانی دكتۆر كوردستان موكریانی، هەولێر، ١٩٨٤

٢٢ـ محمد معروف فتاح، زمانەوانی، زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠

٢٣ـ محەمەد ئەمین هەورامانی، تەماشاكردنێكی سەرپێیی زاری سۆرانی و زاری هەورامی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەشی دوهەمی بەرگی دوهەم، بەغدا، ١٩٧٤

٢٤ـ محەمەد ئەمین هەورامانی، كوردواتەنی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٦٤، بەغدا، ١٩٧٧

٢٥ـ مەسعود محەمەد، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی كوردی، بەغدا، ١٩٧٨

٢٦ـ مسعود محمد، ورد بونەوە لە چەند باسێكی ڕێزمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٤

٢٧ـ مهاباد كامل عبدالله، كار لە كرمانجی ی خوارو هەورامی دا، نامەی ماجستێر، بەشی كوردی، كۆلێجی ئاداب، زانكۆی سەلاّحەددین، ١٩٩٦

٢٨ـ د.نەسرین فەخری، پەرەسەندنی واتای وشە و دەوری لە دەوڵەمەندكردنی زماندا، گۆڤاری كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی بەغدا، ژمارە ـ ٢ ـ، ١٩٧٨ـ١٩٧٩

٢٩ـ وریا عمر ئەمین،بنج و سیما و یاساكانی گوێزانەوە،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە (١٢١)،بەغدا، ١٩٨٩

٣٠ـ د.وریا عمر امین، چەن وشە لە زمانا هەیە ؟، ڕۆژنامەی العراق، چوارشەممە، ١٩٨٤/٣/١٤

٣١ـ دكتۆر وریا عمر امین، خزمایەتی لە زمانا...، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ٩٤ی تەمموزی ١٩٨٢

٣٢ـ د.وریا عمر أمین، ڕێزمانی ڕاناو لە كرمانجی ژورودا، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراق ((دەستەی كورد))، بەرگی ٢١ـ٢٢، بەغدا، ١٩٩٠

٣٣ـ دكتۆر وریا عمر أمین،ڕێكەوتن لە زماندا،گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە(٩١)،بەغدا،١٩٨٢

٣٤ـ دكتۆر وریا عمر امین، زانستی زمان چی یە؟، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨٨)، بەغدا، ١٩٨١

٢ـ بە زمانی عەرەبی

١- دكتور ابراهيم أنيس، دلالة الألفاظ، القاهرة، ١٩٧٦

٢- احمد خورشيد النورةضي، مفاهيم في الفلسفة والاجتماع، بغداد، ١٩٩٠

٣- الدكتور حاتم صالح الضامن، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩

٤- حسن عون،دراسات في اللغة والنحو العربي،معهد البحوث والدراسات العربية، ١٩٦٩

٥- الدكتور حسين نصار، دراسات لغوية، قاهرة، ١٩٨١

٦- الدكتور رشيد العبيدي، أبحاث و نيصوص في فقه اللغة العربية، بغداد، ١٩٨٨
٧- د. رمضان عبدالتواب، المدخل الى علم اللغة، القاهرة، ١٩٨٢
٨- ر.هـ.روبنز،موجز تاريخ علم اللغة (في الغرب)،ترجمة د.أحمد عوض، مجـلة عالم المعرفة، عدد ٢٢٧،كويت،١٩٩٧
٩- بروفسور.روي.سي.هجمان،اللغة والحياة والطبيعة البشرية،ترجمة دكتور داود حامي أحمد السيد،الكويت،١٩٨٩
١٠- ستيفن أولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة دكتور كمال محمد بشير، مكتبة الشباب، ١٩٧٣
١١- دكتور عبدالصبور شاهين، في علم اللغة العام، بيروت، ١٩٨٠
١٢- الدكتور عبدالكريم الأشتر، النثر المهجري، معهد الدراسات العربية العالية، ١٩٦١
١٣- الدكتور علي عبدالواحد الوافي، فقه اللغة، القاهرة، ١٩٧٢
١٤- فردينان دي سوسور، علم اللغة العام، ترجمة الدكتور يوئيل يوسف عزيز، موصل، ١٩٨٨
١٥- فندريس، اللغة، ترجمة عبدالحميد الدواخلي و د. محمد القصاص، القاهرة، ١٩٥٠
١٦- فوآد حمه خورشيد، اللغة الكردية التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، ١٩٨٣
١٧- فؤاد حمه خورشيد،لرستان الاقليم الجنوبي من كردستان ايران، مجـلة(رۆژى كوردستان) العدد(٦٦)،بةغداد،١٩٨٤
١٨- محمد الطالبي، التأريخ ومشاكل اليوم والغد، مجلة عالم الفكر، المجلد الخامس، العدد الأول، كويت، ١٩٧٤
١٩ دكتور محمود فهمي حجازي، علم اللغة العربية، الكويت، ١٩٧٣
٢٠- د.نبيل علي، نحو نظرة أشمل للغة،العدد السابع والثامن عشر من سلسلة كتاب قضايا فكرية،القاهرة،مايو١٩٧٧
٢١- الدكتور نعمة رحيم العزاوي،النقد اللغوي بين التحرر والجمود،مجـلة الموسوعة الصغيرة (١٤١)،بغداد،١٩٨٤

٣- بة زماني ئينطليزي

١- turks and Arabes. London. ١٩٥٧،C.J. Edmonds. Kurs
٢- ، THE GROWTH OF ENGLISH ،HENRY CECIL WYLD ١٩٤٢،LONDON
٣- ١٩٧٠، Penguin ، New Horizons In Linguistics ،J. Lyons
٤- ، New York ، Language and Linguistics ،JOHN LYONS ١٩٨٥.
٥- ١٩٦٩، LONDON ، LANGUAGE ،Leonard Bloomfild
٦- ١٩٦٨، Shikh & State ، Agha،M.M.Van Bruinessen
٧- Diary of Major E.M. Noel on special duty in ،E.M.،Noel

،Basrah ،Kurdistan from June.١٤thtoSeptember ٢١st ١٩١٩
١٩١٩

٤- بة زماني فارسي
١- **دكتر برويز ناتل خانلري، تأريخ زبان فارسي، جلد أول، انة شارات بنـ ياد فره ـنك ايران، ١٣٤٩ايراني.**


## Summary

## The factors of Kurdish Dialects being existence، and there is no Kurdish standard.

Kurdish language like any other language undergoes a constant change. The change of any language is due to the development of civilization (or culture)، the increase of ideas and words. The time and man's ability to speak and hear are fixed and unchangeable. So the languages and dialects always tend toward shortening and changing. These changes that come from external obstacles differ according to the speed and the maturity of civilization in certain areas. The most active external factors are: (geographical، political، Ethnic، and psychological ones)، and these reasons ought to didn't make Kurdish standard. While the limitation of time and ability to speak and hear is the internal factors.

The study is divided into two parts through which the researcher in the first part tries to prove that through the time Kurdish language divided to four dialects، and in the second part he tried to show the reasons of nonexistence Kurdish standard.

In the end، the conclusions، the list of references، and Arabic summary have been set down.


## ملخص البحث

**ان اللغة الكوردية ـ مثل جميع اللغات البشرية ـ في تغير مستمر، وسبب هذا التغير يعود الى مدى التطور الحضاري (الثقافي Culture) و ازدياد الأفكار والمفاهيم وبالتالي ازدياد الألفاظ والمفردات، وفي الوقت نفسه يبقى الوقت وطاقة الإنسان للتحدث والفهم محددين، لذا فان اللغات البشرية تسير نحو الاختزال (التلخيص) أو التغير. تختلف التغيرات التي تطرأ على اللغات حسب مقاومتهن للأسباب الخارجية و محاولة الوصول الى المستوى الحضاري في المناطق المختلفة. وتتلخص الأسباب الخارجية المهمة الى عوامل (الجغرافية، السياسية، العرقية والنفسية). بيد أن الأسباب الذاتية أو الداخلية ـ كما أشرنا ـ هي محددية الوقت وطاقة الإنسان للتحدث والفهم.**

**ولبيان هذه الظواهر اللغوية والعوامل المتحكمة فيها والأسباب المؤثرة في ها ينق سم الب حث الى فصلين، و قد حاول الباحث في الفصل الأول، الوصول الى أن التغيرات التي حدثت في الل عة الكورد ية و تقسيمها الى لهجاتها الأربعة، أما الفصل الثاني، مخصص للأسباب العاثرة على طر يق تن شأة الل غة الكوردية الموحدة (ستاندارد ـ الفصحى).**

**و في ختام البحث، تم عرض أهم النتائج التي توصل اليها البحث مع ثبت المصادر وخلاصة البحث باللغة الأنكليزية.**